تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5767) پێنج شەممە 13ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕاگەیەندراوێک لە مەسرور بارزانییەوە

ئاواتەخوازم هەموو لایەنە پەیوەندارەکان هاوکارمان بن بۆ ئەوەی هەرچی زووتر ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنین

دوێنێ چوارشەممە 2019/6/12 مەسرور بارزانی دوای ڕاسپاردنی بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانییەوە، ڕاگەیەندراوێکی پەیوەست بە ڕاسپاردنی بلاوکردەوە ڕایگەیاند، کە ئاواتەخوازە هەموو لایەنە پەیوەندارەکان هاوکاریان بن بۆ ئەوەی هەرچی زووتر پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی حکوومەت بە ئەنجام بگەیەنن. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

پەیوەست بە ناوزەدکردن و ڕاسپاردنم بۆ سەرۆکایەتی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە پێوستی دەزانم، سوپاسگوزاریی خۆم ئاراستەی جەنابی سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و جەماوەری پارتی بکەم بۆ دەستنیشانکردنم وەک پاڵێوراوی پارتی بۆ ئەم پۆستە، هەروەها سوپاس و پێزانینم ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان، بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە دەکەم بۆ ناوزەدکردنم و سوپاسی بەرێز سەرۆکی هەرێم دەکەم بۆ ڕاسپاردنم بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

سوپاس بۆ متمانەتان و هەوڵ دەدەم بە هاوکاریی هەموو ئەو لایەنانەی بڕیاری بەشداریبیان لە کابینەی نوێ داوە، لە وادەی دیاریکراودا پێکهاتەی کابینەی نۆیەم بخەمە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، تاکو هەرچی زووتر بتوانین خزمەتێکی شایستەی گەل و نیشتمانمان دەست پێبکەین. ئاواتەخوازم هەموو لایەنە پەیوەندارەکان هاوکارمان بن بۆ ئەوەی هەرچی زووتر ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنین.

مەسرور بارزانی
2019/6/12

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕادەسپێرێت



دوێنێ چوارشەممە 2019/6/12 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی خاتوو د. ڤالا فەرید سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و دادوەر بەنگین قاسم محەممەد سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی هەرێمیی ژمارە (1)ی ساڵی 2019و بەپێی بڕگەی (دوازدەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو و پاڵپشت بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (7)ی ساڵی 2019 لە دانیشتنی ئاساییی ژمارە (8) لە (2019/6/11) بڕیاری دا بە ڕاسپاردنی بەڕێز مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاریی نۆیەمی هەرێمی کوردستان.

بەپێی فەرمانە هەرێمییەکە دەبێت پێکهێنانی کابینەی وەزاری لە ماوەی (30) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم فەرمانەوە تێپەڕ نەکات و فەرمانەکە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە واتە ڕۆژی چوارشەممە 2019/6/12 جێبەجێ دەکرێت.
ڕاسپاردنی مەسرور بارزانی دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی سێشەممە پەرلەمانی کوردستان لە کۆی 97 پەرلەمانتار87 پەرلەمانتار دەنگیان بۆ ناوزەدکردنی مەسرور بارزانی دا، ڕۆژی پێشتریش نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خواردبوو.



حکوومەتی بەریتانیا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

دوێنێ چوارشەممە 2019/6/12 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز د. ئەندرۆ مۆریسن وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاست و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، بە ناوی حکوومەتی بەریتانیاوە پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرک و پۆستی نوێیدا.

هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەڕێز مۆریسن جەختی لە پتەوکرنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا لە هەموو بوارەکاندا لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆک نێچیرڤان بارزانیدا کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و پیرۆزباییەکەی کرد و ئەو پەیوەندییەی بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی سوپاسی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری و پشتگیرییەکانی بەریتانیا لە کاتە سەختەکاندا دووپات بکاتەوە، هەروەها خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا لە هەموو بوارەکاندا، نیشان دا.

نێچیرڤان بارزانی و وەزیری دەوڵەتی سعوودیە بۆ کاروباری کەنداو کۆبوونەوە



ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ئامر السبهان وەزیری دەوڵەتی سعوودیە بۆ کاروباری کەنداو کرد کە بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبوو.

لە دیدارەکەدا بەڕێز السبهان خۆشحاڵیی خۆی بە سەردانی هەرێمی کوردستان و بەشداریکردنی لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی بەڕێزیان دەربڕی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کار و ئەرکی نوێیدا.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی هاتن و بەشداری بەڕێزیان لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردندا کرد و ئاماژەی بە پەیوەندیی دێرینی نێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی سعوودیە کرد.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا هەردوولا پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و سعوودییەیان لە بوارە جیاوازەکاندا بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندیی هەردوو گەلی کوردستان و سعوودیەدا بێت، دووپات کردەوە.



مستەفا هیجری پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

دوێنێ چوارشەممە لێپرسراوی گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا پیرۆزبایی خۆی و حزبەکەی ئاراستەی مەسرور بارزانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

زۆر بەڕێز/ جەنابی کاک مەسرور بارزانی
سلاوێکی دۆستانە

لە لایەن خۆم و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پیرۆزبایی گەرمتان پێشکەش دەکەم، بە بۆنەی هەڵبژاردنتان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەک سەرۆک وەزیرانی ئەو هەرێمە. بێگومان لەم قۆناغەدا کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ زۆر کێشە و کەموکوڕیی ناوخۆیی و دەرەکی بەرەوڕووە و چاوەڕوانییە خەڵکیش لە کابینەی نوێی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی بەڕێزتان لە ئاستێکی بەرزدایە، بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەتان کەوتووەتە سەرشان. هیوادارین بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە و لە هەمان کاتدا، کەڵک وەرگرتنی بەجێ لە هەموو دەرفەتەکان، بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بن و هەرێمی کوردستان بەرەو کەناری ئارامی، ئاشتی و ئاوەدانی ڕاکێشن. لەگەڵ ڕێزی دووبارە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی/مستەفا هیجری
22ی جۆزەردانی 1398ی هەتاوی
12ی ژوئەنی 2019ی زایینی



ڕوونکردنەوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمانەوە

سەبارەت بە پەخشنەکردنی سرووەی نیشتیمانیی عێراق و مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)، لە دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە لە ڕێکەوتی 2019/6/10 لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان ڕوونی دەکاتەوە کە وەک عورفێکی پەرلەمانی مارشی نەتەوەیی تەنیا لەکاتی کردنەوەی وەرزی گرێدانی پەرلەمان پەخش کراوە و لە دانیشتنە ئاساییەکانی تردا پەخش ناکرێت، دانیشتی ژمارە (7)یش دانیشتنێکی ئاسایی بووە و دانیشتنی کردنەوەی وەرزی گرێدانی پەرلەمان نەبووە، بۆیە پەخش نەکراوە.

بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمان
2019/6/12

ڕێباز حەملان بۆ خەبات: نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت ئەرکی خۆی بە سەرکەوتوویی وەک سەرۆکی هەرێم جێبەجێ بکات

دەرباز کۆسرەت ڕەسول بۆ خەبات: نێچیرڤان بارزانی پیاوێکی بە ئەزموونە لە گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

خەبات: تریفە ئازاد

ڕێباز حەملان وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی بوونی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کاک نێچیرڤان بۆ ئایندە دەتوانێت پەیوەندییەکی پتەوی دیبلۆماسی گەورە لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و ئەو وڵاتە هاوپەیمانانەی کە هاوپەیمانی هەرێمی کوردستانن دروست بکات، هەرچەندە پێشتر ئەو پەیوەندییانەی دروست کردبوو، بەڵام دەبێت پتەوتری بکات.

ناوبراو ڕاشیگەیاند: ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت ببێتە هۆکاری لێکنزیکبوونەوەیەکی زۆر زیاتر لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئەوەی ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی لە سااڵنی ڕابردوو هەبوو بەشێکی زۆری چارەسەر بکرێت، پێم وایە ئەو پەیوەندییە دیبلۆماسییەی لەچەند ساڵێی ڕابردوو هەیبووە شایەنی ئەوە دەدەن کە دەتوانێت ئەرکی خۆی بە سەرکەوتوویی وەک سەرۆکی هەرێم جێبەجێ بکات.



خەبات: تریفە ئازاد

دەرباز کۆسرەت ڕەسول وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە لێدوانێکدا لە بارەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بەخەباتی ڕاگەیاند: کاک نێچیرڤان بارزانی پیاوێکی بە ئەزموونە لە گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە بیست ساڵی ڕابردوو، هەروەها ڕۆڵی باشیشی هەبووە لە کۆکردنەوەی هەموو بیروبۆچوونەکان. دەرباز بۆ خەبات گوتیشی: ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەک چۆن لە ڕابردوو ڕۆڵی هەبوو، لە داهاتووشدا لە پۆستی سەرۆکی هەرێم هەمان ڕۆڵ دەبینێت و سەرکەوتوو دەبێت. پۆستی سەرۆکی هەرێم پۆستی هەموو بیروڕا جیاوازەکانە لە هەرێمی کوردستان، باشترین کارەکتەریش بۆ ئەمڕۆی کوردستان ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانییە، ئەگەر بێت و تەبایی و یەکڕیزیش هەبێت لە نێوان هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوا کاک نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانە ببینێت لەم ململانێیانەی کە هەیە، کاک نێچیرڤان وەک چۆن دەتوانێت بەشداری ئاشتکردنەوەی ناوخۆ بکات، بەشداری ئاشتکردنەوەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق بکات، بەشداری ئاشتکردنەوەی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی کوردستان بکات، بەشداری ئاشتکردنەوەی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی کوردستان بکات.




بەبێتە هۆی کۆکەرەوەی بیروبۆچوونە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستان، لە بەغداش دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت و ئەو کێشانەی کە چارەسەر نەکراون هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات.

مەحموود عوسمان: هیچ کۆسپێک لەبەردەم پێکهێنانی حکوومەت نەماوە

سیاسەتمەدارێکی کورد دەڵێ، دوای ڕاسپاردنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ هیچ کۆسپێک لەبەردەم حکوومەت نەماوە و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا حکوومەتی نوێ پێکدێت، چونکە ڕێککەوتن کراوە و تەنها ماوە کاندیدی خۆیان بۆ پۆستەکان دیاری بکرێ. سیاسەتمەداری کورد، د. مەحموود عوسمان، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم و ڕاسپاردنی سەرۆکی حکوومەت هیچ کۆسپێک نەماوە و لایەنەکان ڕێککەوتوون و تەنیا ماوە کاندیدی خۆیان بۆ پۆستەکان دیاری بکەن، بۆیە بە کەمتر لە مانگێک حکوومەتی نوێ پێکدەهێنرێت.

د. مەحموود عوسمان گوتیشی: هەشت مانگ و نیوە حکوومەت دواکەوتووە و ناکرێت لەمە زیاتر دوابکەوێت، بۆیە پێویستە پەلە بکرێت و هەنگاوی خێرا بنرێت بۆ ئەوەی حکوومەتی نوێ بەزووی پێکبێت، چونکە ئەمە کارێکی باشە و لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە.

د. مەحموود باسی لەوەش کرد: سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردندا قسەی جوان و زۆر باشی کرد بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنەکاندا هەبێت و ئومێدەوارین جێبەجێ بکرێت، بۆیە پێویستە چاوەڕێ بین و سەرۆک بارزانی پشتگیریی تەواوی ئەو دەکات. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە دوێنێ پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ مەسروور بارزانیی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان ناوزەد کرد.



yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/6/13 ژمارە (5767)
خەبات



کەسایەتییە سیاسی و کارگێڕییەکان بە بایەخەوە لە سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی دەڕوانن

عوسمان ئۆجەلان: پێموایە لەسەر دەستی کاک نێچیرڤان پڕۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان دەستپێدەکاتەوە

مەشعان جبووری: مەراسیمی سوێند خواردنی نێچیرڤان بارزانی ناوازە بوو

هەڤاڵ ئەبوبەکر: نێچیرڤان بارزانی پاڵپشتێکی بەهێزی ئێمە بووە و هەرگیز هاوکارییەکانیم بیرناچێتەوە

ئازاد تۆفیق: هەڵەبجەی خۆشدەوێت و هیوادارین سەنگێکی تایبەت بەم پارێزگا نوێیە بدات

رۆژی دووشەممەی رابردوو لە مەراسیمێکی گەورەدا بە بەشداری سەرۆک بارزانی و بەرهەم سالح سەرۆککۆماری عێراق و محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و هەروەها چەندان بەرپرسی دیکەی حزبی و حکوومی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، وەزیری دەرەوەی تورکیا و شاندی یاوەری، لە شاری هەولێر، نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد و دەستبەکاربوو، لەمبارەیەوە کەسایەتییە سیاسی و کارگێڕییەکان نێچیرڤان بارزانی بە شایستەی ئەو پۆستە دەزانن و دەڵێن لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت.

لەسەر دەستی نێچیرڤان بارزانی پڕۆسەی ئاشتی دەستپێدەکاتەوە

عوسمان ئۆجەلان، کەسایەتیی سیاسیی باکووری کوردستان رایگەیاندووە، دەستنیشانکردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، قۆناغێکی تازە دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بە گشتی. بە گوێرەی مالپەڕی پارتی، عوسمان ئۆجەلان رایگەیاندووە: نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەسایەتییەکی بەهێزی ناوچەکەیە و کاریگەریی زۆری بەسەر پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە هەیە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەدا، ئارامی و ئاوەدانی زیاتر لە هەرێمی کوردستان فەراهەم بکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریزمایی و ئەزموونە سیاسییەیە کە نێچیرڤان بارزانی هەیەتی. لەبارەی دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان، ئۆجەلان رایگەیاند: پارتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان لە کاریزمایی کاک نێچیرڤان گەیشتوون و کاریگەریی زۆریشی بەسەر ئەوانەوە هەیە، هەروەها دەوڵەتی تورکیاش پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ سەرۆک نێچیرڤاندا هەیە، لە هەموش گرنگتر ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم بۆ خۆی کەسێکی ئاشتیخوازە، بۆیە پێموایە لەسەر دەستی کاک نێچیرڤان، پڕۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان لە ئایندەدا دەستپێدەکاتەوە، ئەمەش بۆ دیپلۆماسییەت و خەمخۆریی سەرۆکی هەرێم دەگەڕێتەوە.

عەبادی دووەم جارە پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەرێم دەکات

حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق توێتێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی تووێتەکەیدا رایدەگەیەنێت، پیرۆزبایی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکەم بۆ پۆستە نوێکەی، ئەم بڕیارە دەقۆزمەوە بۆ جەختکردن لەسەر بەهاکانی پێکەوەژیان و ئاشتی لە نێوان هەموو نەتەوەکان و ئایینەکان و پێکهاتەکانی عێراق، جەختیش لەسەر بەرپرسیارێتییە نوێکانی دەکەمەوە کە پێویستە بەکاربهێنرێن سەروەریی و داپەروەرانە دابەشکردنی سامانەکانی، عێراق بۆ عێراقییەکانە و ئەرکی دڵسۆزیی بڕی، لەسەر شانیانە.

سەرکردەیەکی لێهاتووە و سەرکەوتوو دەبێت

هەروەها مەشعان جبووری، سیاسەتمەداری دیاری عێراق رایگەیاند: پڕۆتۆکۆڵ و مەراسیمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ناوازە بوو و بە دڵنیاییشەوە لە ئەرکی نوێیدا سەرکەوتوو دەبێت، چونکە سەرکردەیەکی لێهاتوو و خاوەن ئەزمونە. بەگوێرەی هەمان سەرچاوەی پێشوو، مەشعان جبووری گوتی: گومان لە سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی نییە، من بڕوایەکی تەواوم پێیەتی و دەتوانێت کارەکان زۆر بە لێهاتوویی بەڕێوە ببات، چونکە سەرکردەیەکی پسپۆڕ و لێزان و خاوەن ئەزموونە. جبووری دەشڵێ، لە سەرۆکایەتیکردنی حکوومەتدا، بینیمان چۆن نێچیرڤان بارزانی سەرکەوتوو بوو، بۆیەش لەلایەن هەموانەوە متمانەپێکراوە. بە گوتەی ئەو سیاسەتمەدارە، نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی هەرێمی کوردستاندا سەرکەوتوو دەبێت، چونکە سەرۆک بارزانی وەک مامۆستا و سەرکردە و ڕێبەر و مەرجەع، پشتیوانییەتی.

هەرگیز هاوکارییەکانی نێچیرڤان بارزانیم بیر ناچێتەوە

هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕایدەگەیەنێت: بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی بەهێزمان هەبێت، پێویستە هەموومان پاڵپشتی لە نێچیرڤان بارزانی بکەین، من هەرگیز هاوکارییەکانی نێچیرڤان بارزانیم بیرناچێتەوە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی سەبارەت بە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ تۆڕی میدیایی رووداو گوتی: پێویستە هەموومان پاڵپشتی نێچیرڤان بارزانی بکەین، بۆ ئەوەی پایەکانی دەوڵەتێکی بەهێز لەخۆمانا ڕەنگبداتەوە. ئاماژەی بەوەشکردووە لەو ماوەیەدا لە ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگای سلێمانی کارم لەگەڵیدا کردووە، هەموو کارەکانی بە ڕاوێژکردووە، بڕوایەکی تەواوی بە لامەرکەزی، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و کاری هاوبەش هەیە، هەروەها بڕوایەکی تەواوی بەوە هەیە کوردستان وەکو یەکەیەکی سیاسی، ئابووری و جوگرافی سەیر بکرێت نەک وەکو وڵاتێکی دابەشبوو بۆ دوو زۆن، بە دڵنیاییەوە ئەم سیفاتانە لە کردەوەکانیدا ڕەنگبداتەوە، وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت. لەبارەی پاڵپشتییەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ پاریزگاری سلێمانی رایگەیاند: سەرەڕای بارودۆخی ناهەمواری کوردستان و قەیرانەکان، بەڵام پاڵپشتێکی بەهێزی ئێمە بووە و توانیویەتی لە زۆربەی کار و پرۆژەکانماندا بەدەمانەوە بێت. هەڤاڵ ئەبوبەکر گوتیشی: یەکێک لەو کارانە، دەستپێکردنەوەی پرۆژەی شووقەکانی سیتەک و میرگەپان بوو کە لەو قەیرانەدا بڕێک پارەی مانگانەی بۆ تەرخانکردین کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، هەروەها دامەزراندنی 284 کەس لە نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە لەسەر داواکاری من، بۆیە هەرگیز ئەو هاوکارییانەم بیر ناچێتەوە.

توانی قەیرانەکان تێپەڕێنێت

ئازاد تۆفیق پاریزگاری هەڵەبجە، گوتی: نێچیرڤان بارزانی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا و لە کاتی قەیرانی دارایی، شەڕی داعش، دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بودجەدا هاوشانی قوباد تاڵەبانی توانی قەیرانەکان تێپەڕێنێت و ئاسۆی کوردستان بە باریکی ئەرێنیدا ببات، چونکە ئەو ئەزموونی لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا هەیە. ئازاد تۆفیق گوتیشی: هیوادارین سەرۆکی سەرجەم پێکهاتە و دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان بێت، وەکو کورد دەڵێت: مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، هیوادارین کاپتنێکی لێزانی کەشتییەکەمان بێت بۆ گەیشتن بە کەناری ئارامی. پاریزگاری هەڵەبجە هەروەها گوتیشی: هیوادارین لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی هەرێمی کوردستاندا، هەرچەندە خۆشی هەڵەبجەی خۆشدەوێت، بەڵام سەنگێکی تایبەت بەم پاریزگا نوێیە بدات و دەتوانێت چەترێکی گەورەبێت بۆ نزیککردنەوەی لایەنەکان.

کوردانی تاراوگە بە ئومێدەوە پێشوازی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەت دەکەن

بەهجەت مەسیفی:
هاووڵاتیيان بە ئومێدن کە نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی بەهێزتر بکەن

فەزیلە شۆڕش:
لەم چوار ساڵەدا کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی تری پڕ لە دەستکەوت

تەها دەرویش:
ئاواتەخوازم نێومالّی کورد یەکبخرێتەوە و یەکگوتاری کوردی دروستبێت

کوردێکی تاراوگە:
کاک نێچیرڤان بارزانی توانی کوردستان لە داڕمانی ئابووری بپارێزێت



خەبات- ساسان دەرویش : پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە 3ی ئەیلوولّی ساڵی ڕابردوو بەڕێوەچوو، بە مسۆگەرکردنی 45 کورسی بووە زۆرینەی ناو پەرلەمان، بەمەش دەیتوانی بە تەنیا خۆی و چەند هاوپەیمانێکی نزیک لە پارتی، حکوومەت پێکبهێنێت، بەڵام لەبەر ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسیی کوردستان و ڕێزگرتن لەو حزبانەی خواستی بەشداریکردنیان لە حکوومەتدا هەیە، دریژەی بە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکوومەت داوە، سەرەڕای ئەوەی هەندێ لایەنی سیاسی چەندان جار بە ئەنقەست کێشەیان بۆ پێکهێنانی حکوومەت دروستکرد، بەڵام پارتی لەپێناو یەکڕیزیی کوردستان پێی باش بوو سەرجەم حزبەکان بەشداری لە حکوومەتدا بکەن و پشوودرێژانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا کرد بۆ ئەوەی حکوومەت ڕەنگدانەوەی هەموو لایەنەکان بێت. دوای چاوەڕوانییەکی زۆری هاووڵاتییانیش بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کاراکرایەوە و نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا، هاوکات مەسرور بارزانی، کاندیدی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نێەمی حکوومەت ڕاسپێدرا، لەم نزیکانەش بە کردەیی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکوومەت دەستپێدەکەن. هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەروەها دەستنیشانکردن و ڕاسپاردنی مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، کوردانی تاراوگەی خۆشحاڵکردووە و پێیانوایە کە ئەو دوو کەسایەتییە سیاسییە دەتوانن بە باشی پرۆسەی سیاسی و حکومڕانێتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە ببەن، لەمبارەیەوە بەشێک لە کوردانی تاراوگە بۆ خەبات دەدوێن.

هاووڵاتییان ئومێدیان بە نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی هەیە

سەرەتا بەهجەت مەسیفی لە ئەڵمانیا بۆ خەبات، گوتی: ئێمە وەک ناوەندی سیاسی لە ئەوروپا و وەک کوردستانییەکی دەرەوەی وڵات لە تاراوگە، زۆر خۆشحاڵ بووین لە دوای ئەو هەموو چاوەڕوانی و پشوودرێژییەی پارتی بۆ پرسی کورد و تەبایی و یەکڕیزی نێومالّی کورد، دواتر ئەمڕۆی لێ هاتە بەرهەم وەک دەستکەوتێکی گرنگی میژوویی پارتی و هەڵبژاردنی دوو سەرکردەی گەنجی بە ئەزموون بە دەنگدان لەپەرلەمانی کوردستانەوە بۆ وەرگرتنی هەر دوو پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، ئەم دوو کەسایەتییە، کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک مەسرور بارزانی، ئەزموونێکی باشیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستاندا هەیە و خەڵکی کوردستان ئومێدیان پێیان هەیە کە لە داهاتوودا ببنە هۆی خۆشگوزەرانی زیاتر و پێشکەوتنی زیاتری کوردستان و ڕەنگدانەوەی زیاتری تەبایی و برایەتی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان کە لەژێر چەتری پێکەوە کارکردن، کوردستان بەهێز بکەین.

چاکسازی خواستی هاووڵاتییانی کوردستانە

حەمە هێمن، لە ئەڵمانیا، بەدەم پیرۆزبایکردنەوە، دەڵێت: وەک کەسێکی نەتەوەیی لە تاراوگەوە، پیرۆزبایی خۆم لە سەرۆکی هەرێم دەکەم، بەو هیوایەی کە چۆن توانی زەمینەی بناغەی ئابووریەکی سەربەخۆ بۆ هەرێمێکی گەمارۆدراو دابەزرێنێت و قەیرانە سەختەکانی ئابووری هەرێم تێپەڕێنێت، هەر بەو توانا و ئیرادە بەهێزەوە برایەتی و ئاشتەوایی نێومالّی کورد بەهێزتر بکات و لە گەڕی دانوستانی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکارێت، بەرەی سەربەخۆیی ئامانجی دەوڵەتی کوردستان بەدی بهێنێت، هاوکات پیرۆزبایی لە کاک مەسرور بارزانی دەکەم کە ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، بڕیە هیوادارم پرۆژەی چاکسازی کە خواستی خەڵکی کوردستانە، بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە، بکاتە دەستپێکی کارنامەی کابینەکەی.

داوای یەکگوتاری کوردی دەکرێت

تەها دەرویش نادر ئەحمەد لە هۆڵەندەوە بۆ خەبات، گوتی: ئێمە لە تاراوگەوە پیرۆزبایی خۆمان لە هەردوو بەڕێزان، کاک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاک مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە کابینەی نێیەم دەکەین، بەو هیوایەین کە نێومالّی کورد یەکبخرێتەوە و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیش باشتر ببێت، یەکگوتاری سیاسیی کوردی هەبێت، کە گوزارشت لە هەرێمێکی گەمارۆدراو بکات و لە گەڕی دانوستانی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکارێت، بەرەی سەربەخۆیی ئامانجی دەوڵەتی کوردستان بەدی بهێنێت، هاوکات پیرۆزبایی لە کاک مەسرور بارزانی دەکەم کە ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، بڕیە هیوادارم پرۆژەی چاکسازی کە خواستی خەڵکی کوردستانە، بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە، بکاتە دەستپێکی کارنامەی کابینەکەی.

داوای یەکگوتاری کوردی دەکرێت

تەها دەرویش نادر ئەحمەد لە هۆڵەندەوە بۆ خەبات، گوتی: ئێمە لە تاراوگەوە پیرۆزبایی خۆمان لە هەردوو بەڕێزان، کاک





بەهجەت مەسیفی

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاک مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە کابینەی نێیەم دەکەین، بەو هیوایەین کە نێومالّی کورد یەکبخرێتەوە و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیش باشتر ببێت، یەکگوتاری سیاسیی کوردی هەبێت، کە گوزارشت لە هەرێمێکی گەمارۆدراو بکات و لە گەڕی دانوستانی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکارێت، بەرەی سەربەخۆیی ئامانجی دەوڵەتی کوردستان بەدی بهێنێت، هاوکات پیرۆزبایی لە کاک مەسرور بارزانی دەکەم کە ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، بڕیە هیوادارم پرۆژەی چاکسازی کە خواستی خەڵکی کوردستانە، بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە، بکاتە دەستپێکی کارنامەی کابینەکەی.




فەزیلە شۆڕش

هیوا و ئاواتی دێرینە نەتەوەکەمان بکات، وەک ئەوەی تەواوی کورد، کۆدەنگ بوو لە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

بە پاڵپشتی سەرۆک بارزانی توانی گەمارۆکان تێکبشکێنێت

د. نزین بەرزنجی لە نەرویژەوە گوتی: وێڕای پیرۆزبایی گەرمم بۆ هەردوو سەرکردەی گەنج و لێهاتووی کوردستان بۆ وەرگرتنی هەردوو پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، گوتیشی: هێزی سیاسی کاک نێچیرڤان بارزانی لە دوای گەمارۆی سیاسی و ئابووری هەرێم باشتر دەرکەوت کە دۆمنانی کورد لەبەر چاوی



هێرش حەمەخان


دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیا ویستیان جارێکی تر ستەم لە کورد بکەنەوە بە گەمارۆی ئابووری و سیاسی سەر کوردستان لە دوای ڕیفراندۆم، لەو کاتە سەختەدا کاک نێچیرڤان بارزانی توانی هەرێم لە داڕمانی ئابووری بپارێزێت، هەروەها بە پاڵپشتی سەرۆک بارزانی توانی گەمارۆکانی




حەمە هێمن

سەر هەرێمی کوردستانیش تێکبشکێنێت، بڕیە جەماوەری کوردستان چاوەڕوانی زیاتریان هەیە، لە یەکسانی و ئارامی و چاکسازی و دابینکردنی ئاو و کارەبا و کەرتی کشتوکاڵ و تەندروستی و گەشتوگوزاری و بایەخدانی زیاتر بە کەرتی پەروەردە.

بە یەکسانی و پرۆژەی



خاتوونزین بەرزنجی



تەها دەرویش نادر

ئەڵمانیا، گوتی: بە دڵێکی پڕ هیوای دووەم ولاتەوە، جوانترین پیرۆزبایی لە جەنابی کاک مەسرور بارزانی دەکەم، کە ڕاسپێردراوە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران، بۆ زیاتر خزمەتکردنی خاک و خەڵک، بە هیوای کۆکردنەوەی هێز و توانا کان و تونکردنی پەیوەندییەکانی ناوخۆ و دەرەوە، هیوام سەرکەوتنیانە، هەروەها لە تاراوگەوە پیرۆزبایی خۆم دەگەیەنم سەرۆکی هەرێم، کاک نێچیرڤان بارزانی بۆ زیاتر خزمەت و بەرەوپێشچوونی دۆزی نەتەوەکەمان.

کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی تری پڕ لە دەستکەوت

فەزیلە شۆڕش لە هۆڵەندەوە بۆ خەبات دەڵێت: پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لەم دوو سەرکردە گەنجەی کوردستان دەکەم، کە لە ڕابردوودا خزمەتیان لەبەرچاوانە و ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە ڕووداوەکاندا بە ئەزموونێکی گەورەوە دێنەوە مەیدان لە بەرەوپێشبردنی کوردستان، لەژێر چەتری ئەم دوو قارەمانەدا هیواکانمان هەڵدەچنین و لە چوارساڵی داهاتوودا داکوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی تری پڕ لە دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستانێکی بەهێز لە ڕێکخستنەوەی نێومالّی کورد و بەخشینەوەی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لەنێوان تاکەکانی کورد و ئایندەیەکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتوومان تۆمار دەکەن، ئافرەتان بە گشتی و بەتایبەتی لە تاراوگە گەشبین بەو هەنگاوەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دیموکراسی، پارتی بەدەستیهێناوە وەک براوەی یەکەم، ئەمەش متمانەکردنی خەڵکە بە پارتی و کادیر و پیشمەرگە و فەرمانده و سەرکردەکانی، کە هەموو ئەو خەسڵەتە جوانانە لەم دوو سەرکردەیەدا هەن و دووبارە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین بەرەو کوردستانێکی بەهێز.

خزمەتگوزاری ناخۆشییەکان لە بیر خەڵک ببنەوە

هەروەها د. نزین بەرزنجی گوتیشی: پیرۆزبایی خۆشم ئاراستەی کاک مەسرور بارزانی دەکەم، پیاوی وڵاتپارێز و دابینکردنی ئارامی، ئەوەی لە ڕابردوو و ئێستادا کردوویەتی، جێگای خۆشحاڵی هەموو کوردستانییەک بووە، لە پاراستنی سەرومالّی خەڵکی، بڕیە من لێرەوە، کاک مەسرور بارزانی، داوات لێ دەکەم، وەک چۆن ئەندازیاری ئاسایش و پاراستنی کوردستان بوویت، هەروەها لەم کابینەیەشدا بایەخ بە یەکسانی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی گوزەرانی خەڵک بدەن و ناخۆشییەکانیان لە بیر ببەنەوە، بە کاری جوان و داهێنانی نوێ کە لە توانای جەنابتاندا دەیبینین.

بایەخدانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی دەرەوە

هێرش حەمەخان قەرەداغی لە





ئاسایشی هەولێر

بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر بە چوار کیلۆ و سەد گرامی ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیر دەکات





کارزان حەیدەر

دوای بەدواداچوون، مەفرەزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بازرگانێکی ماددەی هۆشبەری بە چوار کیلۆ و سەد گرامی ماددەی هیرۆینەوە دەستگیر کرد.

لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر تاشکرای کردووە: پاش چاودێریکردنی گومانلێکراوێکی بازرگانی ماددەی هۆشبەر، ڕۆژی 28ی ئایاری 2019 مەفرەزەکانیان توانیویانە تۆمەتبارێک بەناوی (ا، غ، ج، م) کە خەڵکی شاری مووسڵە بە چوار کیلۆ و سەد گرامی ماددەی هیرۆینەوە لە هەولێر دەستگیر بکەن کە ماددەکەی لە موسڵەو هێنابوو. هەر لەو ڕاگەیەندراوەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێردا هاتووە، تۆمەتبارەکە بە ماددەی " 14ی ماددە هۆشبەرەکان" ڕاگیراوەو لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەردەوامە و ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەری گیراوەتە بەر.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر هاووڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە کە هەمیشە لە ئامادەباشی دەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانکاران و داواشیان لێدەکات لەکاتی بوونی هەر زانیاریەک لەسەر کەسانی گومانلێکراو و تاوانکار بە زووترین کات بنکەو بارەگاکانی ئاسایش ئاگادار بکەنەوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/6/13 ژمارە (5767)

پێشخستنی هاوسەنگی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کە کابینەی حکوومەت پێکدەهێنێت بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا گرنگە

نێچیرڤان بارزانی سوود بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر دەگەیەنێت

پسپۆڕان وای بۆ دەچن کە دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر لە بواری ئابووری، سیاسیی و ئەمنی دا

پسپۆڕان وای بۆ دەچن کە دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر لە بواری ئابووری، سیاسیی و ئەمنی.

پسپۆڕان و شارەزایان لەبارەی قۆناغی نوێ و گۆڕانکاری لە پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ بەغدا و هەولێر، لەم ڕاپۆرتەدا قسەی خۆیان دەکەن.

ڕێکخەری کاروباری عێراق لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بیلگای دومان ئاماژەی بەوە دا، کە بە هۆی کاریگەری سیاسەتی تورکیا لە بارەی عێراقەوە لەم ماوەیەی دواییدا گفتوگۆکانی ئەنقەرە و هەولێر گەشەیان کردووە.

بیلگای دومان بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە تورکیا هەولێر و بەغدا وەک بەدیلی یەکتر نابینێت، گوتی: هەردووکیان تەواوکاری یەکترن، نەک بەدیلی یەکتر بن، بۆیە گەشەسەندنی دیالۆگی ئەنقەرە لەگەڵ هەردووکیان گرنگە.

ئەو باسی لەوە کرد کە سەقامگیری دینامیکی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ سیاسەتی تورکیا گرنگە و هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێم کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەنقەرە هەیە وەک تایبەتمەندییەکی ئەرێنی بۆ تورکیا لەقەڵەم دا.

جان ئاجون:
تورکیا لە ڕووی ئاسایشی خستنەڕووی وزەوە گرنگی دەدات بە هەرێمی کوردستان و دوای سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئێراندا لە لایەن ئەمریکاوە

ڕێکخەری کاروباری عێراق لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بیلگای دومان لەبارەی دەستنیشانکردنی مەسرور بارزانی-ش بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە لایەن پەرلەمانەوە گوتی: پێشخستنی گفتوگۆ لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کە کابینەی نوێی حکوومەت پێکدەهێنێت لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە گرنگە.

ڕێکخەری کاروباری عێراق لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەی بە خستەڕوو کە هەڵوێستی مەسرور بارزانی ڕوون دەبێت لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر و گوتی: ئەگەر مەسرور بارزانی داواکارییەکانی تورکیا بەهەند وەربگرێت، تا دێت پەیوەندییە دووقۆڵییەکان پتەوتر دەبن. من پێمواییە دەسەڵاتەکانیش کردەوە لە نێوان سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران بۆ هەرێمی کوردستان و گوتی: پێشخستنی هاوسەنگی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کە کابینەی حکوومەت پێکدەهێنێت بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا گرنگە.

بیلگای دومان ئاماژەی بەوە دا کە لەنێو نوێنەرانی ئەو وڵاتانەی بەشداریان لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی دا کرد تورکیا لە بەرزترین ئاستدا و لە ئاستی وەزیری دەرەوەدا بەشداری لە ڕێورەسمەکەدا کرد و گوتی: بەشداریکردنی مەولود چاوشۆغلۆ لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی دا دەرخەری متمانەی تورکیایە بە نێچیرڤان بارزانی و پشتیوانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

ڕێکخەری کاروباری عێراق لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماژەی بەوەدا کە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکانی هەولێر-بەغدادا نەهێناوەتە ئاراوە و دووپاتیکردەوە کە هەولێر کێشەک ڕوو بدات.

ڕێکخەری کاروباری عێراق لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بیلگای دومان: بەشداریکردنی مەولود چاوشۆغلۆ لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرخەری متمانەی تورکیایە بە نێچیرڤان بارزانی و پشتیوانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

بیلگای دومان ئاماژەی بەوە دا کە لەنێو نوێنەرانی ئەو وڵاتانەی بەشداریان لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی دا کرد تورکیا لە بەرزترین ئاستدا و لە ئاستی وەزیری دەرەوەدا بەشداری لە ڕێورەسمەکەدا کرد و گوتی: بەشداریکردنی مەولود چاوشۆغلۆ لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی دا دەرخەری متمانەی تورکیایە بە نێچیرڤان بارزانی و پشتیوانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

ڕێکخەری کاروباری عێراق لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماژەی بەوە کرد کە لەنێو نوێنەرانی ئەو وڵاتانەی بەشداریان لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی دا کرد تورکیا لە بەرزترین ئاستدا و لە ئاستی وەزیری دەرەوەدا بەشداری لە ڕێورەسمەکەدا کرد و گوتی: بەشداریکردنی مەولود چاوشۆغلۆ لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی دا دەرخەری متمانەی تورکیایە بە نێچیرڤان بارزانی و پشتیوانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

ڕێکخەری کاروباری عێراق لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماژەی بەوەدا کە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە گۆڕانی ئەوتۆی لە پەیوەندییەکانی هەولێر-بەغدادا نەهێناوەتە ئاراوە و دووپاتیکردەوە کە هەولێر خاوەنی پێگەی خۆیەتی لە بەغدا و هەرکەسێک سەرۆک بێت ئەو پێگەیە دەپارێزێت.

بیلگای دومان ڕایگەیاند کە گرنگە هەولێر لە قۆناغی نوێدا زیاتر ئاگاداری پەیوەندییەکانی بێت لەگەڵ بەغدا و گوتی: لە پرسەکانی کەرکووک، ناوچە کێشە لەسەرەکان، فرۆشتنی نەوت، پەیوەندییە بازرگانییەکان، هەڵوێستی هەولێر لەگەڵ بەغدا گرنگە، نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەغدا و هەرێمیشدا هەڵوێستی ئەرێنی دەنوێنێت.

لێکۆڵەری سیاسەتی دەرەوە لە دەزگای لێکۆڵینەوەی (SETA) جان ئاجون ئاماژە بەوە دەکات کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە 2017دا لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندییەکانی گرژ کرد، بەڵام بە هۆی ئەو هەنگاوانەی بەم دواییە ئیدارەی هەولێر ناوێتی، هاوکات لە ڕێی سەردانەکانی چاوشۆغلۆوە پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەتەوە.

جان ئاجون ئاماژەی بەوەدا کە سەرۆکی هەڵبژێردراو، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی پرۆسەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەکرد و گوتی: هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی هەرێم پێشهاتێکی ئەرێنی بوو، ئەو بە نزیکی لە تورکیا ناسراوە.

لێکۆڵەری سیاسەتی دەرەوە لە دەزگای لێکۆڵینەوەی (SETA) جان ئاجون ڕاشیگەیاند کە تورکیاش لە ڕووی ئاسایشی خستنەڕووی وزەوە گرنگی دەدات بە هەرێمی کورستان و دوای سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئێراندا لە لایەن ئەمەریکاوە، هاوکات تورکیا ئەو نەوتەی لە ئێرانی دەکڕێت، هەوڵ هەیە لە عێراقەوە پەیدای بکات.

جان ئاجون باس لەوە دەکات کە نێچیرڤان بارزانی لەبارەی گواستنەوەی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا زیاتر هەوڵ دەدات.

هۆشیار سیوەیلی:
بەهۆی پێکهاتەی نوێی حوکمڕانییەوە پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ وڵاتان بەهێزتر دەبێت



بەڕێسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و ناوچەکە و جیهانیش زۆر بەهێزتر دەبێت و پێشڤەچونی باش بە خۆیەوە دەبینێت، چونکە پێکهاتەیەکی نوێ لە هەرێمی کوردستان حوکمڕانی دەکات و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت نوێن و سەرۆک بارزانییش ڕابەرایەتییان دەکات.

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەوەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕووی دا ئامارەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆیە بۆ گرنگیی پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکە و لەسەر ئاستی جیهانیش. خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە نێچیرڤان بارزانی، خۆی کەسێکی ناسراوە و جێگەی دەستی لەسەر ئاستی جیهان دیارە و بەشێکی زۆری نوێنەری وڵاتان خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیووە کە بووەتە سەرۆکی هەرێم و گەشبینیی خۆیان دەربڕیوە بەوەی کە دەتوانێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییەدا بێت و تەکانێکی گەورە بە هەرێمی کوردستان بدات. خاڵی سێیەمیش دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە بە شێوەیەکی ئاشتییانە، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەم واهەیە دەستاودەستی حوکمڕانی بکرێت و کێشەی نەبێت، بۆیە وڵاتان هەڵسەنگاندنی باشیان بۆ کردووە. سیوەیلی گوتیشی: وتارەکانی سۆێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەموویان بەڵگەن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان پێگەیەکی باشی هەیە و نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت لە داهاتوودا ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لە ڕێکخستنەوەی نێومالّی کورد و باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و، ئەوەی ڕووی دا هەنگاوی یەکخستنەوەی نێومالّی کورد بوو، چونکە هەموو لایەنەکان بەشداریان تێدا کرد و ئەمەش بەرهەمی پارتییە.

سیوەیلی باسی لەوەش کرد: پەیوەندیی هەرێم و وڵاتان لە ئاستێکی بەرزدایە و پەیوەندییەکان بەهێزترین دەبن، چونکە لەمەودووا پێکهاتەیەکی بەهێز لە هەرێمی کوردستان حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان دەکات و سەرۆکی هەرێم و حکوومەت هەردووکیان نوێن و هەمووی ئەمانە بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی دۆخێکی وا دەخولقێنن کە پەیوەندیی ناوخۆیی و لەگەڵ عێراق و ناوچەکە و جیهانیش بەهێزتر دەبێت و دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.



شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری کۆنگرەی (30) هەمینی فیدراسۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IFJ) دەکات

ڕۆژی2019/6/11 لە تونس کۆنگرەی (30)سیبە مینی فیدراسۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IFJ) دەستی بە کارەکانی کرد لە شاری تونسی پایتەخت، کە کۆنگرەکە چوار ڕۆژ دەخایەنێت لە ڕۆژانی 11-2019/6/14 بە دروشمی (لە پێناو میدیایەکی ئازاد دا)، لەو کۆنگرەیە 259 ئەندام، لە 140 وڵات کە نوێنەری 187 سەندیکا، کە بە هەموویان نوێنەرایەتی 600 هەزار ڕۆژنامەنووس دەکەن، لەو کۆنگرەیە سەرۆکێکی تازە و ئەندامانی لیژنەی تەنفیزی بۆ چوار ساڵی داهاتوو هەڵدەبژێردرێن، شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و ئەنوەر حوسێن جێگری نەقیب، دکتۆرە نەزاکەت حوسێن سەرۆکی لیژنەی داکۆکی نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

عێراق... هەڵمەتێکی واژوو کۆکردنەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی حکوومەت لەلایەن خەڵکەوە

هاوپەیمانێتی فەتح لە پەرلەمانی عێراق دەستپێکردنی هەڵمەتێکی واژوو کۆکردنەوەی پەرلەمانتارانی ڕاگەیاند بەئامانجی گۆڕینی ماددەیەکی دەستوور و هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکوەزیران لەلایەن خەڵکەوە. فەتح کە خاوەنی 48 کورسی پەرلەمانە لە کۆی 329 کورسی و لایەنەکانی حەشدی شەعبی لەخۆ دەگرێت، پێی وایە گۆڕینی ماددەی 76ی دەستوور ئامانج لێی کۆتایی هێنانە بەو ئەزموونەی ماوەی چەند ساڵە لە عێراق هەیە و سەرۆکوەزیران بە ڕێکەوتن و دابەشکاری لایەنەکان دادەنرێت.

پەرلەمانتاری سەر بە هاوپەیمانێتییەکە، محەمەد دەراجی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە باڵەخانەی پەرلەمان لەو بارەیەوە گوتی: دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێ ماوەی هەشت مانگە نەتوانراوە وەزارەتە گرنگەکانی حکومەت تەواو بکرێت و وەزیرەکان دەستنیشان بکرێن. ئەو گوتیشی: هۆکاری ئەوەمان دیاری کردووە کە کێشەی دەستووری هەیە و دەستمان بە هەڵمەتێکی واژوو کۆکردنەوە کردووە بۆ گۆڕانکاری کردن لە دەستوور بەتایبەت ماددەی76 بۆ ئەو مەبەستەش واژووەکان کۆکراونەتەوە بەبێ ئەوەی ژمارەی واژووەکان ئاشکرا بکات.

بە گوتەی پەرلەمانتارەکەی فەتح، ماددە نوێیەکەی دەستوور هەڵوەشاندنەوەی ماددەی76 لەخۆ دەگرێت و دەگۆڕدرێت بەوەی سەرۆکوەزیران لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و، ئەوەی ڕووی دا هەنگاوی یەکخستنەوەی نێومالّی کورد بوو، چونکە هەموو لایەنەکان بەشداریان تێدا کرد و ئەمەش بەرهەمی پارتییە.

سیوەیلی باسی لەوەش کرد: پەیوەندیی هەرێم و وڵاتان لە ئاستێکی بەرزدایە و پەیوەندییەکان بەهێزترین دەبن، چونکە لەمەودووا پێکهاتەیەکی بەهێز لە هەرێمی کوردستان حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان دەکات و سەرۆکی هەرێم و حکوومەت هەردووکیان نوێن و هەمووی ئەمانە بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی دۆخێکی وا دەخولقێنن کە پەیوەندیی ناوخۆیی و لەگەڵ عێراق و ناوچەکە و جیهانیش بەهێزتر دەبێت و دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.

قەتەر: قەیرانی کەنداو کێشەی دیکە لە ناوچەکەدا دروست دەکات

وەزیری دەرەوەی قەتەر، محەمەد بن عەبدولڕەحمان ئالسانی هۆشداری دا لە سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشە لە وڵاتانی دیکە بەهۆی قەیرانی کەنداوەوە. ئالسانی لە لێدوانێکیدا لە لەندەن ڕایگەیاند: بەهۆی ئەو دۆخەوە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە زۆر قورس بووە. هەرێک لە سعوودییە و ئیمارات و بەحرەین و میسر لە 5ی حوزەیرانی 2017ەوە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ قەتەر ڕاگرت و چەندین سزایان بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاند. ئالسانی جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی وڵاتەکەی لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی زۆر هەوڵ و دژایەتی سعوودییە و ئیمارات بووەتەوە، هەروەها گوتی: هەر دەوڵەتێک ئەوان سەرۆکایەتی نەکەن بە تیرۆریست ناوی دەبەن، پێناسی تیرۆر لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەر کەسێک دەگرێتەوە کە جیاواز بێت لەگەڵیان. وەزیری دەرەوەی قەتەر ئاماژەیی وڵاتەکەشی نیشاندا بە هاوکاریکردن و کارکردن لەگەڵ هەر گرووپ و لایەنێک کە هەوڵی ڕێگری لە کەوتنەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان ئێران و ئەمەریکا بدات.

بە نوێنەرایەتیی سەرۆک بارزانی
عەلی حسێن پیرۆزبایی لە پارتی گەشەپێدانی تورکمان دەکات



بۆ پیرۆزبایی لە سالّیادی دامەزراندنی پارتی گەشەپێدانی تورکمان، دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی جەنابی سەرۆک بارزانی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی و بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب، سەردانی بارەگای پارتی گەشەپێدانی تورکمانی لە شاری هەولێر کردو لەلایەن محمد ئیلخانی سەرۆکی پارتی گەشەپێدان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکان پەیامی پیرۆزبایی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەبۆنەی 14مین سالّیادی دامەزراندن ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کرد و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و فارس قادر ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بایز زراری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و ئاریان سلاّحەدین و جەسام موشیر کارگێرانی لقی دوو، پرسە نیشتمانییەکان و هەماهەنگیان چ وەک حزب چ لەپەرلەمان و بریارەکانیان بەگرنگ بۆ پێکەوە ژیان وەسف کرد.

تۆیژەکان کرایەوە. لەکۆتایی دیدارەکەدا عەلی حسێن رۆڵی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی وەک پارتێکی تورکمانی بەهەڵوێست لە ئاست هەموو تیشکی خستە سەر میژووی پەیوەندییەکانی گەلی کوردو پێکهاتەی تورکمان و پەیوەندیی نێوان پارتی و پارتی گەشەپێدانی تورکمان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی. هەرلەم دیدارەدا تیشک خرایە سەر ئەو هەنگاو و گۆڕانکارییانەی پێکهێنانی حکوومەت و هەماهەنگییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی و ئاراستەو هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان بۆ قۆناغی ئایندەی حکومڕانی و پرسی خزمەتکردنی خەڵک لە هەرێمی کوردستان، هەر لەم دیدارەدا تەئکید لە پاراستنی دەستکەوتەکان و پالپشتی و هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بەتەواوی چین و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی جەنابی سەرۆک بارزانی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی و بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب، سەردانی بارەگای پارتی گەشەپێدانی تورکمانی لە شاری هەولێر کردو لەلایەن محمد ئیلخانی سەرۆکی پارتی گەشەپێدان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکان پەیامی پیرۆزبایی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەبۆنەی 14مین سالّیادی دامەزراندن ئاراستەی سەرۆک و

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر:
لە ماوەی 24 کاتژمێردا دوو تاوان ئاشکرا کران

خەبات/ سەید فاتیح

پەرزەنجی: بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری 6 مانگی ئاشکرا کرد و، ڕایگەیاند کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، ڕێژەی تاوان لە سنووری پارێزگاکە کەمی کردووە و، ئاشکرایشی کرد بکوژی شوفێرەکەی دوێنێ شەویش دەستگیر کراوە.

لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلّعەت، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا ڕایگەیاند، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ڕێژەی تاوان لە سنووری پارێزگای هەولێر کەمی کردووە، هاوکات کێشەی ئەو دوو کەسەشی کە ڕۆژی هەینی 2019/6/11 شەو یەکێکیان هاوولاتییەکی کوشت، ڕوون کردەوە، کە بە هۆی پێکدادانێکی سووک دروست بووە، کە بایی نزیکەی 500 دۆلارە، بەڵام یەکێکیان بە دەمانچە شوفێرەکەی دیکەی کوشتووە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بۆ دەستگیرکردنی بکوژەکە، دواجار خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بەند کراوە. هاوکات ئاشکرایشی کرد، کە دوو تاوانباری دیکە بە ناوەکانی (ا.س.ع) و(ا.ج.س)، کە دانیشتووی شاری هەولێرن و تەمەنیان30 ساڵە، چەندین تاوانیان ئەنجام داوە، وەکو ڕێگری لە خەڵک و چوونە سەر خەڵک، زۆربەی هەڵکوتانەکانیشیان بە ناوی ئاسایشەوە بووە، کە ناسنامەیان لە خەڵک وەرگرتووە، بەڵام دواجار هەردوو تاوانبار دەستگیر کران و دانیان بە تاوانەکانیشیاندا ناوە.



پارتی گەشەپێدانی تورکمانی: ئەو پێکەوەژیانەی ئێستا فاکتەری ئاوەدانی و پێشوەچوونی زیاتری کوردستانە



پێش نیوەڕۆی دوێنێ، کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و فارس قادر ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بایز زراری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و ئاریان سلاّحەدین و جەسام موشیر کارگێرانی لقی دوو، سەردانی مەکتەبی سیاسی ئیلخانی سەرۆکی پارت و ئەندامی مەکتەبی سیاسیەوە پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان پێرۆزبایی 14 ساڵەی ڕاگەیاندنیان لە سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی کرد و دووپاتیان لە بەردەوام بوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان کردەوە،هاوکات ماف و ئازادیە سیاسی و ئایینەکانی پێکهاتەو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانیان لە کوردستان بە نموونەی ئەوپەڕی دیموکراسی وەسف کرد و پێیان وابوو ئەو پێکەوە ژیانە بۆتە فاکتەری ئاوەدانی و پێشوەچوونی زیاتری کوردستان.

هەر لەو دیدارەدا، هەردوولا باسیان لە هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان کرد و جەختیان کردەوە کە بە هەڵبژاردنی بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، قۆناغێکی نوێ لە کوردستان دەستپێدەکات و نێو ماڵی کورد ڕێک دەخرێتەوە، هەر لەو قۆناغەدا هەموو ئەوانەی خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن لە ئایندەی وڵاتەکە، شانی خۆیان دەخەنە بەر بەرپرسیاریەتیەکە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ گەل و خۆشگوزەرانیان.

شێخان... بۆ یەکەمجار سەنتەرێکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکرێتەوە



خەبات- ئالان شەهاب: بۆ یەکەم جار سەنتەرێکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە سەنتەری قەزای شێخان کرایەوە و بەرپرسی سەنتەر دەڵێ: ئێمە خزمەتی کۆمەڵایەتی بەخۆڕایی و بەبێ جیاکاری ئاین و نەتەوەو پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەین. لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبونی قایمقامی قەزای شێخان و نوێنەری لقی 20 پارتی دیموکراتی کوردستانلە شێخان و بەرێوبەرانی فەرمانگە حکومیەکان قەزاکە سەنتەری ئێمەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەناو سەنتەری قەزای شێخان و لەلایەن ڕێکخراوێکی ئەڵمانییەوە بە هەماهەنگی لەگەل ئیدارەی قەزای شێخان کرایەوە. ئەڤین حەمید، بەرپرسی سەنتری ئێمەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە شێخان بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەمە یەکەمین سەنتەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە لە شێخان دەکرێتەوە بە هاوکاری ڕێکخراوێکی ئەڵمانی و بەهەماهەنگی لەگەل ئیدارەی قەزای شێخان بۆ ئەو ئایینە جیاوازانەی لە قەزاکە هەن.

هەروەها گوتی: ئەو سەنتەرە لە گەرەکێکە کە هەموو ئایینەکی تێدا دەژیت و خزمەتی ئافرەتانی قەزای شێخان دەکات بەبێ جیاوازی، هەروەها سەدان خولی جۆراوجۆر بۆ بەهێزکردنی قوڕابیان و کەسانی نەخوێندەوار دەکەینەوە، هەموو خولەکانیش بەبێ بەرامبەر دەبن، هەروەها بەرنامەی تایبەتمان دەبێ بۆ کارمەندانی فەرمانگە حکومیەکان، بەتایبەت پۆلیس و ئاسایش و کارمەندانی تەندروستی قەزای شێخاندەبن.

ئامێدی... خەڵکێ چەمانکێ دژی بۆردومانا تورکیا و پەکەکێ خۆپێشاندان کرن



هژمارەکا ئاکنجیێن ناحیا چەمانکێ سەر بە قەزای ئامێدیێ ب دروشمێن جۆدا جۆدا خۆپێشاندانەک دژی بۆردومانا فرۆکێن تورکیا و هەبوونا هێزێن پەکەکێ ل دەڤەرێ سازکرن. دوهێ 2019/6/12 هژمارەکا زۆر ژ خەلکێ ناحیا چەمانکێ سەر ب قەزا ئامێدیێ ڤە ب دروشمین نە بۆ کۆشتنا هاوولایتان، نە بۆ بۆردومانا گوندان و جهێن خەلکێ سڤیل، نە بۆ چۆلکرنا گوندان و نە بۆ سۆتنا ئاقاری خۆپێشاندانەک سازکرن و داخواز ژ جهێن پەیوەندیدار کرن ل دووڤ داخوازیێن وان بهێن. نیعمەت شکری، ئێک ژ خۆپێشاندەران بۆ باسنیوز دیار کر، ئەڤە سەرێ چەند سالانە بۆردومانا فرۆکێن تورکیا ل سەر دەڤەرا چەمانکێ و گوندێن وان دهێتە کرن و هێزێن پەکەکێ ژی ل وان دەڤەران بنگەهێن خوە دانینە و بووینە ئەگەر کو مەترسی ل سەر ژیانا هاوولاتییێن دەڤەرێ پەیدابوویە و ئەگەر ب ڤی شێوەی یا بەردەوام بیت، ڕەنگە دەڤەر هەموو بهێتە چۆلکرن، لەو ئەم ب فەرمی ڤێ داخوازیێ ژ جهێن پەیوەندیدار دکەین د هانا هاوولاتیان بهێن و مە بپارێزن.

بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕوونکردنەوەیەک بڵاو دەکاتەوە و تێیدا سپاسی دەزگاکانی ڕگەیاندن دەکات، کە لە ماوەی بەرپوەچوونی تاقیکردنەوەکاندا هەستیان بە بەرپرسیارێتی کردووە.

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، دەزگا ڕاگەیاندنەکان ڕەچاوی باری دەروونیی قوتابیانیان کردووە و ڕێز لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتیان دەگرێت.

ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەیەکەیە:

لە ماوەی ڕابردوو و لەکاتی ئەزموونە گشتییەکانی خوێندنی ساڵی 2018-2019 میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاوکارێکی سەرەکی کەرتی پەروەردە بوون و ئەم هەستکردن بە پرسیاریەتیەیان جێگای ڕێزە، بەڵام بە داخەوە جارجارە هەندێک کەناڵ و پەیامنێری تەلەڤزیۆنی بێ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامی نەخوێندەواری و کەمی ئاستی هۆشیاربیان ڕاپۆرت بڵاو دەکەنەوە کە بە هەموو شێوەیەک دوورە لە ڕاستییەوە و تەنها بۆ شیواندنی دەروونی قوتابیان و پرۆسە سەرکەوتووەکەی ئەزموونەکانە. لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24 ڕاپۆرتێک لەسەر ئەزموونەکان بڵاوکرایەوە کە وەک وەزارەتی پەروەردە سەر لەبەری ڕەت دەکەینەوە، چونکە ناپڕۆفیشنالّی ڕیپۆرتەرەکە لەوەدایە قسەی مامۆستایەکی قوناغی بنەڕەتی نەوەک ئامادەیی وەرگرتووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەزموونەکانی پڕۆلی دوانزەی ئامادەییەوە نییە و توانای زانستی ئەو هیندە نییە کە قسە لەسەر دروستی و نادروستی ئەزموونەکان بدات.

وەزارەتی پەروەردە هەمیشە دەڕگای بە ڕووی میدیاییەکاندا والاّ بووە و تاکە وەزارەتی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمە کە زۆرترین هاوکاریی میدیاکانی کردووە، بۆیە پێویست ناکات هەنگاوێکی نا دروستانەی وەک ڕیپۆرتەرەکەی ئەم تەلەڤزیۆنە بەرێزە بگیردرێتەبەر و دەنگی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لەسەر هێڵی تەلەفۆن و بە بێ ڕەزامەندی تۆمار و بڵاو بکرێتەوە. ئەزموونە گشتییەکان و دۆزینەوە و چارەسەری کەموکۆرییەکان تەنیا پەیوەندی بە لیژنەی بالاّ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەزموونەکانەوە هەیە و ئەو لیژنە بالاّیە کە پسپۆڕانی هەموو پارێزگاکانی لەخۆ گرتووە، دەتوانن ڕەخنە و گلەیی و گازندەکان شیکار و لە کۆتایی پڕۆسەکە وەڵام دەدەنەوە و لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان و بە ڕەچاوکردنی ئاستی زانستی وانەکان، زۆترین هاوکاریی قوتابی و خوێندکاران دەکرێت، بۆیە وەرگرتنی قسەی چەند قوتابییەک لە نزیکەی 235 هەزار قوتابی کە لە ئەزموونەکەیاندا باش نەبوونە، بە هەند وەرناگیردرێت، لە کاتێکدا ئێمە ئامادەیی هەموو هاوکارییەکمان نیشان دابوو تا لە کۆتایی تاقیکردنەوەکان و بە داتا و زانیاریی وردەوە لە خزمەت کەناڵی کوردستان 24 و هەموو ڕاگەیاندنەکاندا بین.

لەمساڵدا بەهۆی ئاگرکەوتنەوە چوار هەزار دۆنم دەغڵودانی جووتیارانی سنووری ئیدارەی گەرمیان سووتاوە

بەپێی ئاماری نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان/ گەرمیان، ئیدارەی گەرمیان لەبەر ئەوەی لەسەر سنووری پارێزگای دیالەی عێراق هەڵکەوتوو و گەرمترین ناوچەی کوردستانە، بەهۆی وەرزی بارانی ئەمساڵیشەوە ساڵێکی پڕ پیت و پوش و پاوان بووە و هۆکارێکی تری شاراوە و نادیاریش هەیە لەسەر ئاگرکەوتنەوە لە دەغڵودان، لایەنە پەیوەندیدارەکان لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بەردەوامدان و هەر لە دەستپێکردنی وەرزی ئاگرکەوتنەوەی ئەمساڵەوە لە پەیوەندی و هەمائاهەنگیدابوونە. لەڕاگەیەنراوێکیشدا کەوێنەیەکی بەخەبات دراوە هاتووە ئەوەی دەگوزەرێ ئەوەیە کە تەواوی ناوچەکانی گەرمیان ڕۆژانە لەگەڵ ئاگرکەوتنەوەدا ڕووبەڕوون، بەپێی خەملاندنە سەرەتاییەکان بەهۆی ئاگرکەوتنەوەکانی ئەمساڵ لە دەغڵودان لە ناوچە جیاجیاکانی گەرمیان 4 هەزار دۆنمی چێندراو بە گەنم و جۆ لە ناوچووە و سووتاوە و ڕێژەی ئاگرکەوتنەکان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو زیادیان کردووە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو، لە سنووری گەرمیان ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی بەرگریی شارستانی و هێزەکانی ناوخۆ بۆ ڕێگریکردن و بەدواداچوون لە دیاردەکانی ئاگرکەوتنەوە پێکهێنراوە.

www.xebat.net
خەبات
پێنجشەممە 2019/6/13 ژمارە (5767)

شێخ سەلاح شێخ فەتاح عەوەلانی سەرلقی شۆڕشی ئەیلوول کۆچی دوایی کرد



بەرهەم شێخ عەزەدین: کەسایەتیی دیاری پارێزگای سلێمانی و سنووری ناوچەی چەمی ڕەزانی قەزای دوکان (شێخ سەلاح شێخ فەتاح عەوەلانی) لەتەمەنی 76 ساڵی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لەساڵی 1963 لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە هێزی ڕزگاری دەبێتە پێشمەرگەو بەشداری چەندین داستان دەکات، بەناوبانگترینیان داستانی زێوێ بوو، هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو پێشمەرگەی پارتیزانی و ڕێکخستنی نهێنی لە ناو شاری سلێمانی کاری کردووە و چەندین چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە.

خولێخۆڕشبوو لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە لێهاتوویی خۆی پلەی سەرلقی وەرگرتووە. شێخ سەلاح جگە لەپێگە سیاسییەکەی، خاوەنی پێگەیەکەی بەهێزی کۆمەڵایەتیش بوو لە سنوورەکەو بۆ سەرجەم کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش بانگکراوە، هەروەها ڕۆڵی بەرچاویشی لە ئاشتەوایی و تەبایی لە سنوورەکەدا گێڕاوە. جێی ئاماژەیە شێخ سەلاح برای شێخ عوسمانی شێخ فەتاحی عەوەلانە، شێخ فەتاح یەکێک بووە لەو کەسایەتییە دیارانەی کە لە 11ی ئەیلوول لەگەڵ بارزانیی نەمر بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش کۆدەبێتەوە ، ئەمەش جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی لە کێبێی خۆی بەناوی "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" ئاماژەی بەڕۆڵ و کاریگەری ناوبراو کردووە.

شێخ سەلاح لەگەڵ باوکی دەبێتە پێشمەرگە و بەشداری داستانی گردە قارەمان دەکات ، شێخ عەزیزی براشی کە سەرلقی شۆڕشی ئەیلوول بوو لە ساڵی 1963 لە شەڕی دەربەندی بازیان شەهید دەبێت. ئەم بنەماڵەیە خاوەنی چەندین شەهیدن لەپێناو گەیشتن بەسەربەخۆیی کوردستان.

مسلم دوزلەمەری- بارزان: لەدرێژەی سەردانی چین وتوێژەکان بۆ سەرمەزاری نەمران لە بارزان، شاندێکی عەشیرەتی ئیحفاز لە سوریاو تورکیا سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد لە بارزان، شایانی باسە دووای بەخێرهێنانیان لەلایەن لێژنەی پێشوازی ڕێزدارخەلات بارزانی نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی ودانانی تاجە گوڵینە لەسەر گلکۆی نەمران وخوێندنەوەی سورەتی فاتیحە لەسەر گلکۆی نەمران، لەوتەیەک دا سۆزی وەفای خۆیان بۆ ڕێبازی نەمران دەربری و باسیان لە خەبات و تێکۆشانەی شۆڕشەکانی بارزان لەپێناو خزمەتکردن بە کوردو کوردستان و وەدەست هێنانی مافەرەواکانی گەلی کورد کرد.



پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
خانەوادەی خولێخۆشبوو شێخ سەلاح شێخ فەتاح عەوالانی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئەیلوولی مەزن و کەسایەتی دیاری کۆمەڵایەتی شێخ سەلاح شێخ فەتاح عەوالانیی- مان پێگەیشت.

هاوخەمیمان بۆ خانەوادە کوردپەروەر و بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین، سەرەخۆشی ئارِاستەی ئێوە و خزمانی عەوالان و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

لە خودای مەزن داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خولێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بۆ بەڕێز عەباس عەبدوللا یوسف

خەمباربوین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کاکە ولاتی کوڕی بەڕێزتان.

هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و کەس و هاوڕێیانی خولێخۆشبوو دەکەین.

لەخودای گەورە داواکارین دواکۆستی خانەوادەکەتان بێت و سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کوڕی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون
دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

لە بارەگای لقی 24ی سەفین کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چارەسەرکرا



دوێنێ، لەبارەگای لقی24ی سەفین بە ئامادەبوونی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتی و نوێنەرانی هەواڵگری گشتی و کۆمەڵایەتی گشتی و بەرپرسانی حزبی و حکومی و کەسایەتیەکان و قائیمقامی قەزای شەقلاوە، کێشەی نێوان هەردوو گوندی کبۆڕ و جەمەسۆر چارەسەرکرا، لە ڕێوڕسمێکی تایبەتدا کە مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق ئامادەبووان خوێندرایەوە.

دواتر بەرپرسی لقی24ی سەفین سوپاس و پێزانینی ئاراستەی دانیشتوانی هەردوو گوند کرد کە بەدەنگ داواکاریەکەیان هاتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و ئیمزاکردنی بەڵێنامە کە جارێکی تر ئەم کێشەیە ڕوونەداتەو و هەڵوێستیانی بەرزنرخاند.

لەلایەن خۆشیانەوە نوێنەرانی هەردوو گوند سوپاس و دەستخۆشیان هەبوو بۆ هیوا ئەحمد مستەفا بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتی و مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق لێژنەی ناوچەی باسرمە و ڕێکخراوی دەشتی هەریر کە خۆیان کردە خاوەنی کێشەکەو ڕۆڵی کاریگەریان گێڕا و هەروەها هەموو ئەوانەی کە لەچارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان ڕۆڵیان هەبووە. دواتر بەڵێنامەی لێکگەیشت و ڕێککەوتن لەلایەن کەسایەتی و ڕیشسپیانی هەردوو گوند واژۆکرا.

خوینا شەهیدان ڕوێ سپی یێ گەلێ کوردستانێ نیشانا دونیایێ دا



پەروەردەکرن داکو ئەم هەبین.ئەڤە و ژلایی کەس و کارێن شەهیدێن سەربلند ڤە سوپاسیا خوە ژ بەرپرسێ لقێ ڕا دیاکر و گوتن دیتنا تە بومە برینێت مە بێت هندە سالان ساریژ دکەت.

بدرێژاهیا بەرنامێ لقێ ئێک ژ بو هاریکرنا کەسوکارێن شەهیدان، دوهێ لسنورێ لێژنا ناوچا تەناهی سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک بیاوەریا کارگێرێ لقێ و بەرپرسێ پشکا شەهیدان دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان کومبوو، دڤێ هەڤدیتنێ دا بەرپرسێ لقێ ئامازە دا وێ یەکێ کو ئەف کارێ ئەڤر پێ ڕادبین ژ بو خزمەتکرنا کەس و کارێن شەهیدان ژ ڕاسپاردەبێن ڕاستەراستێن سەروک بارزانی یە وە هەمی شیان ژی ئێخستینە کاری ژ بو خوشکرنا ڕەوشا ژیارا وان، چونکی شەهید ڕوێ سپی یێ گەلێ کوردستانێ بدونیایێ دایە ناساندن و دا دیارکرن کو دایکێن ڤان سەربلندا بقیمەترین دایکن لدونیایێ دا و گوت وە عەگید و میرخاس یێ دکەفتە سەر ڕووبارێ دیجلە یێ سەر ب ناحیا زومار ڤە جۆتیاران ئامێرێن دۆرینا گەنم دەراسە و تەرکتۆر خوە ژ سەر بەرپرسێ لێژنا ناوچا پارتی ل ناحیا زومار دیار کر ژبەر لڤینێن تیرۆرستێن داعش جۆتیارێن گوندەکێ ل زومار نەشیان ساناهی بەرهەمێ خوە یێ دەخلۆدانی بدرۆن وجۆتیار نەچاربوینە ئامێرێن خوە بێن دۆرینا دەخلۆدانێ ژ سەر ئەردی ڤەکێشن ژبەر هاتنا وچوونا تیرۆرستان ب شەڤی.

حەسەن خەلۆ، بەرپرسێ لێژنا ناوچا پارتی ل ناحیا زومار بۆ باسنیوز دیار کر: هندەک ئامێرێن دۆرینا دەخلۆدانێ ل دەڤەرا ڕۆژئاڤایێ دیجلە ب تایبەتی ژی ل گوندێ سوفیە یێ دەخلۆدانی. دووڤ زانیاریان وان تیرۆرستێن داعش ل گوندێ سوفیە یێ سەر زومار ڤە گەلەک جمۆجول کرینە.

خویا ژی کر: جۆتیار نەچاربوینە ژبەر لڤین و دیتنا تیرۆرستێن داعش بەرهەمێ خوە جهدا بهێلن ودەراسە و تەرکتۆرێن خوە ئینانە ونەشیان دەخلۆدانێ خوە بدرۆن. ل وێ دەڤەرێ زەنجیرەکا چیا هەیە ژ زومار دگەهتە گوندێ سوفیە هەتا دگەهتە بادۆش ل ڤان دەڤەرا ڕەوش باش نینە.



زومار.. ژبەر تیرۆرستێن داعش جۆتیار نەشێن دۆرینا دەخلۆدانێ خوە بکەن

شارەوانیی هەولێر بە مەرج ڕێگە بە دابەشبوونی زەوی دەدات

خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار سامان محەمەد بلباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕوونیکردەوە: دوای ئەوەی کە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕێگەدان بە دابەش بوونی زەوی خانووبەرەی ڕاگرت، هاوواڵتیان ڕۆژانە گلەیی و گازندەیان لەو ڕاگرتنە هەبوو، بۆیە ئێستا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاوواڵتیان و گلەیی و گازندەی ئەوان بەمەرجێک ڕێگا بەدابەش بوون دەدات و گشتاندنی ئارِستەی هەر شەش شارەوانیەکانی سنوری پارێزگای هەولێر کردووە، ئەویش بە گوێرەی نوسراوی ژمارە 8129 لە ڕۆژی5/30 دەرچووە و ئارِاستەی هەر شەش شارەوانیەکان کراوەو تیایدا هاتووە: دوای ئەوەی بابەتەکە خرایە بەردەست ئەنجومەنی شارەوانی هەولێرو ئەنجومەنی شارەوانیش سەبارەت بە داواکاریەکان دەربارەی زەوی دابەش دوو لاری نییە، بەڵام بە مەرجێک کە دەبێت نوسراو بکرێت بۆ تاپۆو داواکار مولکی دیکەی بەناو نەبێت و لەهەمان گەڕەک و کۆڵانەدا دابەش دووی هەبێت و بەهیچ شێوەیەک ئەو گەڕەکانەی کە دیاری نەکراوە ڕێگە بە دابەش دوو نەدرێت.



بکوژی ئافرەتێک لە ڕواندز دەستگیر کرا



دوای ئەوەی ڕۆژی سێشەممە 2019/6/11 تەرمی ئافرەتێک بە کوڕاوی لە ماڵەکەی لە شاری ڕواندز دۆزرایەوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کوڕی ئافرەتەکە بە تۆمەتی کوشتنی دایکی دەستگیر کراو دانی بە تاوانەکەی ناوە. ڕائید سەعدوون نەبی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەممە 2019/6/11 تەرمی ئافرەتێک بە کوڕاوی لە گەڕەکی کانی شارۆچکەی ڕواندز دۆزرایەوە و پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانیش دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد و تیمێکی هاوبەش پێکهێنرا لە پۆلیس و ئاسایشی شارۆچکەی ڕواندز، لە ئەنجامدا توانرا کەسێکی گومانلێکراو بانگ بکرێت و دوای لێکۆڵینەوە تۆمەتبارەکە دانی بەتاوانەکەیدا نا. گوتیشی، تۆمەتبارەکە ناوی (س-م) لەدایکبووی 1997 دانیشتووی شاری ڕواندزە و دەبێتە کوڕی ئافرەتە کوژراوەکە و هۆکارەکەشی بۆ دەمەقاڵێ و لێکتێگەیشتن گەڕاندەوە لەگەڵ دایکی و تۆمەتباری ناوبراو بەپێی ماددەی 406ی یاسای سزادانی عێراقی بەند کراوە.



بۆچی هەرێما کوردستانێ پێتقی ب سەرۆکاتیا (نێچیرڤان بارزانی)یە؟



ئاواز نهێلی

رۆژهەلاتا ناڤەراست ئەو دەڤەرە یا د پرانیا میژوویا وێ دا شەڕ و وێرانکرن و هەڤڕکێرا ل سەر دەستکەفتێن بێ ئارمانج د هەمان دەمژیدا رۆژهەلاتا ناڤین خودانا زەنگینترین جهێ جیهانێ یە ژ لایێ سامانێن سروشتی و میژوویی و شوینەواری، لەورازی د پرانیا چاخاندا ل هەڤڕکییا بێ پارنەبوویە و روژئاڤا چاڤ لسەر سامانێ رۆژهەلاتا ناڤین بوویە، چونکی خودانا مەزنترین یەدەگێن پەترولا جیهانیە و دیسان سامانێن سروشتییە. نەخاسمە ژی وەلاتێ عیراقێ، و ژ بەر ڤێک نە کرنێن ناڤخوبێن عیراقێ و بەرژەوەندییێن تاکەکەسی و هەبوونا زۆر مەزهەبێن جیاواز ل عیراقێ و نە قەبولکرنا گیانێ ئێکودوو پتر هەمی وەلاتەکێ دی تووشی شکەستن و داگیرکرنا وەلاتێن دەرکەتی بوویە.

عیراق خودانا کەڤنارترین میژوویا مروڤایەتییێ یە و جهەکێ مەزن بێ شینەواریە لێ خەلکێ عیراقێ ب گشتی چ مفایەک ژ ڤێ سامانێ مەزن بێ وەلاتی نەوەرگرتیە نە ژ لایێ زەنگینیا سامانێن سروشتی نە ژی ژ لایێ زەنگینیا میژوویا شارستانی کو بببیتە وەلاتەکێ پێشکەتی ژ لایێ گەشتوگوزارێ ڤە. لێ ئەگەر ئەم تەماشەی رووداندێن بەری سەرهلدانا ملیۆنیا پیرۆزا سالا 1991 بکەین و وێرانکرنا هەرێما کوردستانێ ژ هەمی لایەکێ ڤە، تالانکرن و وێرانکرن و سوتن و دزینا تەرش و تەوالێ گوندان ژ لایێ حکومەتا بەعسا عیراقێ و ئەنفالکرنا 8 هەزار بارزانیان و کێمیاباراندا هەلەبجە و دیسان ئەنفالێن بەهدینان و د دیڤدا دۆزا کوردی نیشا هەمی جیهانێ بدەتن د ماوەکێ کێمدا شیا سەرنجا زۆربەیا وەلاتێن جیهانێ بۆ هەرێما کوردستانێ رابکێشیتێ.

نێچیرڤان بارزانی د کابینەیێن هەرێما کوردستانێ دا شیا ڤان دەستکەفتێن گرنگ بۆ هەرێما کوردستانێ مسوگەر بکەتن:

1- هەبوونا هێزەکا ئێگرتنی یا پێشمەرگەیی و دیسان دڤێ هێزا هەنێ دا شیا رووبێ راستەقینەیێ پێشمەرگێ کوردستانێ نیشا جیهانێ بدەت د کابینەیێن ویدا پێشمەرگێن کوردستانێ بۆ هەڤپەیانیەکا ب هێز دگەل بەرزە بەرف ئافەدانیێ و ژیانەکا ب گرنتێ رێزەوێ وێ هاتە گوهرین.

هەلبەت ئەڤ گورانکاریێن هەنێ ژی ب ساناهی نەبوون، لێ ب وێ باوەرِی و شورەشێن ئێک ل دیڤ ئێکێن بارزانیێ نەمردا بەردێ بناغەیێ باوەرپا هەبوونا دەولەتەکێ هات بوو دانان ئەو ژی ژ ئەزمونا شورەشێ بەرەڤ درستبوونا پەرلەمانی و حکومەتێ.

ل ڤیرە یا من دڤێت ئاماژێ پێ بدەم ئەوە کو سەرکەفتنا ئەزمونا حکومەتا رێزدار نێچیرڤان بارزانی تێدا سەرکەفتن ئینایی و شیایی رووبێ راستەڤینەیێ لایێ حکومەتا بەعسا عیراقێ و ئەنفالکرنا 8 هەزار بارزانیان و کێمیاباراندا هەلەبجە و دیسان ئەنفالێن بەهدینان و د دیڤدا دۆزا کوردی نیشا هەمی جیهانێ بدەتن د ماوەکێ کێمدا شیا سەرنجا زۆربەیا وەلاتێن جیهانێ بۆ هەرێما کوردستانێ مسوگەر بکەتن:

1- هەبوونا هێزەکا ئێگرتنی یا پێشمەرگەیی و دیسان دڤێ هێزا هەنێ دا شیا رووبێ راستەڤینەیێ پێشمەرگێ کوردستانێ نیشا جیهانێ بدەت د کابینەیێن ویدا پێشمەرگێن کوردستانێ بۆ هەڤپەیانیەکا ب هێز دگەل بەرزە بەرف ئافەدانیێ و ژیانەکا ب گرنتێ رێزەوێ وێ هاتە گوهرین.

هەلبەت ئەڤ گورانکاریێن هەنێ ژی ب ساناهی نەبوون، لێ ب وێ باوەرِی و شورەشێن ئێک ل دیڤ ئێکێن بارزانیێ نەمردا بەردێ بناغەیێ باوەرپا هەبوونا دەولەتەکێ هات بوو دانان ئەو ژی ژ ئەزمونا شورەشێ بەرەڤ درستبوونا پەرلەمانی و حکومەتێ.

ل ڤیرە یا من دڤێت ئاماژێ پێ بدەم ئەوە کو سەرکەفتنا ئەزمونا حکومەتا رێزدار نێچیرڤان بارزانی تێدا سەرکەفتن ئینایی و شیایی رووبێ راستەڤینەیێ هێزێن جیهانی بۆ رووبڕووبونا مەزنترین و مەترسیترین تیرۆرا جیهانی ئەوژی داعش بوو.

2- فەکرنا هژمارەکا زۆر یا کونسلخانەیێن جیهانی و نڤیسنگەیێن نوێنەریا جیهانی ل هەولێرا پایتەخت.

3- هەولێر بویە دەرگەهێ مەزن یێ دان وستاندنا ئاشتیا دەڤەرێ ب گشتی و بوویە پێگەهی مەزن یێ ڤەحەواندنا سەرکردەیێن جیهانی ژ هەمی جهەکێ ئارامتر دبەتن بۆ پاراستنا گیانێ خو د دەمێ دان و ستاندنێ دا.

4- هەولێر کریە هەڤپەیانیەک باش بۆ وەلاتێن زلهێز مینا فەرنسا و ئەلمانیا و ئەمریکا

5- دۆزا کوردی و داخازیێن رەوایێ مللەتی گەهاندینە تەڤایا جیهانێ و مەزنترین بەلگەڤێ هاتنە رێکخراوێن جیهانینە.

6- پەرەپێدانا ئابووری مەزنرین خالا دەستکەفتێن کابینێن نێچیرڤان بارزانی بوویە ئەوژی راگەهاندنێن سەربەخویا ئابووری. بەلگەژی ڤەکرنا دەهان کارگەهێن وەبەرهەمئینانێ و دەلیڤێن کاری بۆ کومپانییێن مەزن یێن جیهانی سەرەرایی هەبونا ئابلوقەیێن هەین.

7- دانانا سیستەمەکێ باش یێ خاندنێ و پەرەپێدانا خاندنێ و ڤەکرنا زانکویێن ئەهلی کو ببیتە دەرگەهەکێ دی بۆ زێدەتر نەهێلانا نەخوێندەواریێ هەروسا پالپشتیکرنا خوبندنا دەرڤەی وەلاتی و ئینانا باوەرنامێن بلند بو خیوندکاران.

8- هەولێر لسەر دەمێ کابینێن چۆیێدا کریە جهەکێ وەبەرهەمئینانێ یێ مەزن د کێمترین دەمدا شیایە مەزنترین کومپانییێن وەبەرهەمئینانێ ئێن بیانی بو خو رابکێشیتێ و مەزنترین پێشنگەهێ، جیهانی هاتینە ڤەکرن یێن وەبەرهەم ئینانێ.

9- هەولێر بوویە ناڤەندەکا گەشتیاری و بو چەندین جاران د پێشبرگییێن گەشتیاریدا هاتیە و کابینێن ئێک ل دیڤ ئێکێ دا پتر گرنگی ب جهێن گەشتیاری هاتینەدان و سال بۆ سالێ هاتنا گەشتیاران بو هەرێما کوردستانێ پتر دبیت ئەڤە ژی ژ دەست کەفتێن کابینێ چوینە.

10 - گرنگی دان ب پێشکەتنا ژنێ و یەکسانیا رەگەزی مەزنرین دەستکەفتێن ژنێ بوویە د کابینێ هەرێما کوردستانێ دا ئەوژی دەست نیشانکرنا رێژا 25 سەدێ یا کورسیێن پەرلەمانی و پشکداریا حکومەتێ و دیسان نەهێلانا توند و تیژیێ دژی ژنان.

11 -پاراستنا ئێک رێزیا ناڤ مالا کوردی مەزنترین دەستکەفتێن نێچیرڤان بارزانی بون د هەمی کابینەیان دا هەولێن جدی کرن بو پشکداری کرنا هەمی پێکهاتیان د پێکئینانا حکومەتا هەرێما کوردستانێ دا.

12 - باشکرنا پەیوندین بەغدا و هەولێرێ هەروسا بێن هەولێر و جیران و ڤەکرنا خالێن گومرگی و ب دەهان دەستکەفتێن دی بۆ هەرێما کوردستانێ ب دەستکەتن و د جەرگێ وەلاتەکێ وێراندا شیا هەرێما کوردستانێ بکەتە ئارامگەها ئاوارەیان و ب هزارەهان ئاوارەیان ب باوەشا هەرێما کوردستانێ دا حەوینێتێ و گیانەکێ پێکڤە ژیانێ و قەبولکرنێ ئاڤا بکەتن. ئەڤە دلۆپەک بوو ژ گرنگترین خالا کو من ڤیا ئاماژێ پێ بکەم. لەوما من گوت بۆچی هەرێما کوردستانێ پێتڤی ب سەروکاتیا نێچیرڤان بارزانی یە؟.



سوورە مەرگەیی

نێچیرڤان بارزانی و ئەرکە نوێیەکانی

پرسیار ئەوەیە ئایا کاک نێچیرڤان بارزانی لە ئەرکی تازەی سەرکەوتوو دەیێ یان نا؟ باسمان لەوەش کرد کە ئەرکەکە دوو لایەنە و لایەنێکیان پەیوندی بە ئەزموون و کارامەیی کاک نێچیرڤان بارزانی هەیە و لایەنەکەی تریش پەیوندی بەوە هەیە کە لایەنەکان تا کوێ هەست بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی دەکەن؟!. نێچیرڤان بارزانی لە رابردوودا سەلماندوویەتی کە کەسێکی خاوەن ئەزمونە و سەرکەوتوو بووە. پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا ئەو لایەنانە لەسەر پیلانگێڕییەکانی رابردوویان بەردەوام دەبن؟! یان بە خۆیاندا دەچنەوە و هەستیاری قۆناخەکە و شڵەژانی ناوچەکە و رووداو و گۆڕانکاریە چاوەڕوان کراوەکان و داهاتوویەکی کورد لەبەر چاو دەگرن؟ دیارە کاک نێچیرڤان بارزانی (وەکازی موسا پێغەمبەر)ای پێ نییە تا بتوانێ هەموو پیلانگێڕیە ناوخۆیی و هەرێمییەکان پووچەڵ بکاتەوە، بە تایبەتیش لە قۆناخێکی هەستیاری وەک ئێستادا کە رووداو گەرمەکانی ناوچەکە و کێشەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران داهاتوویەکی تەمومژاروییان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست کردووە، بۆیە پێویستە ئەو لایەنانە کورد گوتەنی: (ئەگەر گوڵ نین، با درکیش نەبن)، لە کاتێکدا پێویستە گوڵ بن و چیتر وەک رابردوو درک لەبەردەم خەباتی رزگاری نیشتیمانی و هەنگاوەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان نەچێنن، چونکە رووداوەکان بە جۆرێکن چاوەڕوان دەکرێ گۆڕانکاری گەورەیان لێ بکەوێتەوە، لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکیش سیحری سیاسەتی داگیرکاری دوژمنانی کورد بەتاڵ دەبێتەوە، بۆیە پێویستە هەموو حزب و لایەنەکان هەست بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی بکەن، بە تایبەتیش ئەو حزب و لایەنانەی وەک داگیرکارانی کوردستان لە بۆسەدابوون و جێبەجێکاری پیلانەکانی دوژمنان بوون ،هەڵوەستە بکەن و ئاوڕێک لە داهاتووی پڕکارەسات و خوێناوی کورد بدەنەوە و لەناو گۆڕنکاریەکان بەرەو داهاتوو هەنگاوی نەتەوەیی بهاوێژن.

نۆی شەش و دەی شەش



فارس قادر فەقێ عەبدوڵڵا*

لە بەرواری 9/ 6/ 2017 کورد گەورەترین بریاری خۆیدا کە ئەویش ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو سەرەرای دروستکردنی دەیان گرفت و کۆسپ و تەگەرە و بگرە و بینەوە چاوسورکردنەوە و (تهدید) بە دەیان شێواز و شێوە کەچی کردی، چونکە بیرۆکەی ئەم ریفراندۆمە بیرۆکەی قوتابخانەیەکی مەزنی ئەخلاق و کورداییەتی بوو ئەویش قوتابخانەی بارزانیی نەمر بوو.

بەڵێ بیرۆکەی ئەم رابەرە بوو کە لە میژوودا چۆکی بۆ دوژمنان دانەناو هەردەم چۆکی بە دوژمنان داناوە بەڵێ بیرۆکەی جەنەرال بارزانی بوو کە سنوری سێ دەولەتی بەزاند و ژێر دەستە و ستەم و زەلیلی قبول نەکردو لە ئاوی ئاراس پەریەوە و دروشمی یان کوردستان یان نەمانی بەرز کردەوە بەڵێ رۆڵە و قوتابیانی ئەو رێبازەش پاش (70) سال هەمان دروشمیان بە دوژمنان گوت، گوتیان ریفراندۆم دەکەین سەربەخۆیان دەوێ بەڵێ بە هەمان ئاوات و لەسەر هەمان رێباز گووتیان و گووتمان یان کوردستان یان نەمان و ترس نیە لە جەستەمان سەربەخۆیی خواست و ئاواتمانە ریفراندۆمە و رێگا و رێبازمانە بەڵێ لە 9ی مانگی حوزەیرانی 2017 گووتمان دەیکەین لە مانگی ئەیلولی هەمان سال کردمان بەڵێ لە 16ی ئۆکتۆبەریش گووتمان دەیپارێزین پاشگەز نابینەوە بەرامبەر بە خۆفرۆشان رووڕەشانی میژوو و بەرامبەر بە تانک و زرێپۆشەکانی داگیرکەران وەستاین بەڵێ دەبابەی (ئەبرامزمان) تێک شکاند حەشدمان تێک شکاند خەونی سەفەوی و عوسمانییمان لەگۆرنا و گووتمان لێرەدین ئێمە نەوەی بارزانین ئاموزای شێخ مەحموودین خال و خوارزای سمکۆی شکاکین برای شێخ سەعیدین خاوەن میراتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرین بەڵێ ئێمە هەین و هەر دەمێنین.

ئەمرۆش لە هەمان میژوو بەوانیش دەڵێین و بە جیهانیش دەڵێین لە نۆی شەش گوتمان ریفراندۆم دەکەین ,کردمان وە لە دەی شەشی ئەم سالیش دەڵێین هەر ئێمەین رابەرین هەر ئێمەین و ئێمەین وولات پارێزین هەروا بوویە و هەروەش دەبین بەڵێ ئەمەی ئەمرۆش سەرۆکی هەرێمە یەکێکە لە سەرکردە و سەربازەکانی ریفراندۆم بەڵێ ریفراندۆم چیە و پارتیە و نەوەی بارزانیە بەڵێ ئەمەش هەر ئەوەی پێشووترە کە گوتی ریفراندۆم دەکەین و سەربەخۆیمان دەوێ بەڵێ نێچیرڤان بارزانی یە رۆڵەی هەمان رێبازە لە هەمان ئاگردانە و خاوەن هەمان میژووی بارزانیە و نەوەی راستەقینەی رێبازی بارزانی و قوتابی و پالپشت و گوێرایەلی کاکە مسعودی رابەرمانە بەڵێ ئەوە نێچیرڤانە تەواوکەری کارەکانی سەرۆک مسعودی رابەر و پێشمەرگەمانە لە هەمان قوتابخانەی باوک و برا و رابەر و خۆشەویستمانە بەڵێ (دەی شەش) تەواوکەری (نۆی شەشە)و سەربەخۆیش تەواوکەری ریفراندۆم دەبێ پەنا بە خواو بە گەلی کوردستان بەڵێ هەر ئەو رێبازەیە رابەر و رابەرمانە ئەوەی ئەمرۆش لە دەی شەش ئەم سال هەمان رابەرە کە لە نۆی شەش گووتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی تاکە ئاوات وخواستمانە بەڵێ هەر ئەو ئاگردانە هەر ئەو رێبازە کوردستانیش هەمان نیشتیمانە و هەمان ئاواتمانە.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتیزگای هەولێر (پ.د.ک).**



ئەکرەم ئێدلبی

مەسرور بارزانی
رووبەکی نوێ ئۆمێدێکی نوێ

ئێستا لەدوایی راسپاردنی (مەسرور بارزانی) بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە گەشبینیەکی زۆرەوە دەڕواننە لێهاتوویی و ئەزموون و کارامەیی ئەم سەرکردەیە لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووری و دامەزراوەیی و خزمەتگوزاریانەی هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە.

لەڕاستیدا ئەم ئومێدە زۆرەی خەڵک بە مەسرور بارزانی هۆکارو باگراوندی پیشەیی و پراگماتی خۆی لە پشتەوەیە. بەسەرنجدانێک لە تواناو کارامەیەکانی ئەم سەرکردەیە، دەبینین مەسرور بارزانی زۆر سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆی ڕاپەراندووە لە بواری ئەمنی و سیاسی وەک راوێژکاری ئەنجونەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە دامەزرێنەری یەکێک لە چالاکترن دەزگا خێرخوازیەکانی کوردستانە (دەزگای خێرخوازی بارزانی). سەبارەت بە ڕەهەندی فکر و زانست لە دیدگای مەسرور بارزانی، ئەوا جگە لەوەی خۆی بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی واشنتون بەدەستهێناوە، هەمیشە لە خەمی پەرەپێدانی زانستییانەی کۆمەڵگای کوردەواری دابووە، زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک و سەنتەری توێژینەوەی سیاسی بارزانی نەمری لە واشتۆن دامەزراندووە. لە ڕووی هێزی جەماوری و پرستیژی نێودەوڵەتییەوە، ئاشکرایە مەسرور بارزانی وەک کوڕی سەرۆک بارزانی و وەک ئەندامێکی خانەوادەی بارزانی ئەزمونێکی درێژیان لە حوکمڕانی و سەرکردایەتی خەباتی نەتەوەیی هەیە. کەواتە؛ مەسرور بارزانی دەرفەت و پاڵپشتی جەماەری لە پێشە بۆ تەکان دان و وەرچەرخانێکی جۆری بە ئەزمونی هەرێم و "بنیاتنانی کوردستانی بەهێز" لەم ڕەهەندانەی خوارەوە:

تۆکمەکردنەوەی ڕەوایەتی نێوخۆیی و ڕەوایەتی نێودەوڵەتی لە ڕێگای بونیادنانەوەی ئاشتەوایی پۆزەتیڤانە لە ناوخۆ، چ لە ڕووی دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان هێزە سیاسیەکان و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، چ لە ڕووی متمانەی نێوان هاوواڵتیان و دەزگاکانی حکومەت. هەروەها نوژەنکردنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێم (لەسەر بنەمای بەرژەوندی هاوبەش) لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ و هەرێمییەکان و جیهان. بەمەش بنەمای ئاشتەوایی و سەقامگیری درێژخایەن بۆ هەرێمی مسۆگەر دەبێ).

دەربازبوون لەو بێسەروبەری دامەزراوەیی و بێ سیستەمیەی هەرێمی کوردستان پێوەو دەناڵێنی لە ڕێگای سیستەمسازی و کاراکردنەوەی دامەزراوەکان و دروستکردنی دامەزراوەی نێشتمانی هاوچەرخ (دەوڵەتسازی). گێڕانەوەی هۆگری وئینتیما و دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئەفراندنی تەبایی و پێکەوەژیانی زیاتر لە نێوان پێکهاتەکان و ئەفراندنی سۆزداری بۆ ناسنامەی باڵای نیشتمانی کوردستانی (نەتەوەسازی). بێ گومان ئەمەش پێویستی بە بوژانەوەی هەستی نەتەوەدۆستی هەیە کە بە کاراکردنەوەی سیستەمی خزمەتگوزاییە گشتییەکان دەبێت لە پێش هەموویانەوە سیستەمی خوێندن و پەروەردە و تەندروستی و کارەبا لە هەموو سوچێکی هەرێم و ناوچە کوردستانییەکان. بونیادنانەوەی سیستەمی بەرگری هەرێمی کوردستان لە یەک هێزی نیشتمانی کە تێیدا پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش بە سۆزی کوردانە و نیشتمانیانە پەروەردە بکرێن، وەک هێزە بەرگریکارە هاوچەرخەکان رابهێنرێن و پرچەک بکرێن وبە دیسپلینی سەربازی کار بکەن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان جارێکی تر لە کارەساتی وەک شەنگال و 16ی ئۆکتۆبەر بە دوور بێت. بوژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان بەهۆی بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی، بەنیشتمانی کردنی سامانی نەوت هاوشیوەی وڵاتی نۆرویژ، بەمەش پێچەوانەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەوت دەبێتە فاکتەری خۆشگوزەرانی خەڵک و پارستنی نیشتمان لە جیاتی ئەوەی ببێتە مایەی توندوتیژی و کاوڵکاری وڵات. هەروەها داخستنی کەنالەکانی چوونەدەرەوەی دراو لە هەرێم، راکێشانی سەرمایەی دەرەکی، و ڕەخساندنی بازاری ئازاد، واتە دەرفەتی یەکسان بۆ پێشبڕکێی ئابووری. بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بە شارستانی تر فراوانترکردنی فەزای ئازادی کۆمەڵگای سڤیل لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ئەو کۆمەڵگایانەی بە (جیهانی ئازاد) ناودەبرێن. بەمەش بەشداریەکی فراوانی راستەقینەی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی دێتەدی و هەموو هاووڵاتیان هۆگریان بۆ کوردستان زیاتر دەبێ، هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە سەر نەخشەی وڵاتە ئازادەکان. لە دەرئەنجام دا مەسرور بارزانی کەسایەتیەکی سیاسی کارامەیە کە بتوانێ کاری وا مەزن ئەنجام بدات، هاوشێوەی سەرکردە مەزنەکان (لی کوان یو، دیگۆل و جۆرج واشنتۆن ..) شانسی ئەوەی پێبڕاوە هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئامانجە باڵاکانی. بەمەش نەک هیچ کەس و لایەنێکی نەیار بوێری کێشەنانەوە و بەربەست دانان ناکات لەبەردەم ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کوردستان، بەڵکو تەواوی خەڵک و پێکهاتە و هیزە سیاسیەکان دەبنە پشتیوان بۆ ئەزمونی فەرمانڕەوایی دیموکراسی کوردستان.



مەراسیمێکی نایاب



بڵند نەورەس

مەراسیمی سوێندخواردنی ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جگە لە لایەنە یاساییەکەی، بۆنەیەکی مەزن و چەتری کۆکردنەوەی سیاسی و دیبلۆماتکارەکان بوو. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان د.ڤالا فەرید بەوپەڕی ویقارەوە دانیشتنەکەی دەستپێکردو لەسەر هەمان تۆن بەردەوامی پێدا تا کۆتایی، نمونەی لێهاتوویی ئافرەتی کوردستانی بەرجەستەکرد.

وتاری بەڕێز سەرۆک (مەسعود بارزانی) ووتارێکی پەیام ئامێزی کورت و پوختی کاریگەربوو، پەیامی دەربڕینی پشتگیری بەرێزیان بوو بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەم پەیامە ئاماژەیە بۆ بەهێزی پێگەی سەرۆکی هەرێم لە داهاتوودا، بەرەو چەسپاندنی کوردستانێکی بەهێز کە دروشمی پارتی بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان. پەیامی دووەم پەیامی ئاگادارکردنەوەو پابەندبوونی عێراق بوو بە دەستوورەوە لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا، تایبەت ناوچە دابڕێنراوەکان چەقی پەیامەکەی بوو. پەیامێک بوو کە هەموو ووشەیەک ئاماژ بوو بۆ بابەتێک، ئاراستەکە ڕوون بوو. پاشان ووتاری د.بەرهەم سالح، ووتارێکی پەسەند و پارسەنگ بوو، تاو شکستی خۆیان و سەرکەوتنەکانی پارتی چ لە حکوومەت و چ لە پڕۆژە نەتەوەییەکان، دێن دژایەتییەکانی خۆیان زیاد دەکەن و شێوازی دیکە دەگرنە بەر بۆ چەواشەکردنی خەڵک بە ئامانجی بچووککردنەوەی کارە گەورەکانی پارتی، بەڵام سرووشتی پارتی و سەرکردەکانی، بەتایبەتی مالباتی بارزانی، هەتا دێت بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان کوردستان و وڵاتاندا، ئەوها لە سەرۆکایەتیی هەرێمیشدا دەتوانێت زۆر کاری تر بکات کە بۆ کورد سوودبەخش و گرنگ دەبن و بۆ نەیارەکانی پارتیش جێگەی نیگەرانی، چونکە ئەو گرووپانەی بە ناحەق دژایەتی پارتی دەکەن، لە کار و پڕۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا ناتوانن تا ئەژنۆی پارتی بێن، ئینجا لە باسکردنی لە ڕۆڵ و پێگەی (سەرۆک بارزانی)، ئاماژەبوو بۆ پێگەی بەهێزی سەرۆک وەک ڕابەری نەتەوەیی گەلی کوردستان و سەلماندنی ئەو ڕاستییەبوو کە سەرۆک بارزانی لەکوێ بێت بڕیاری کوردستان لەوێیە. ووتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ووتارێکی گشتگیری هەمەلایەن بوو، بە ڕوونی ئاماژەیدا بە مەرجەعییەتی سەرۆک (مەسعود بارزانی) بۆ خەڵکی کوردستان. ئاراستەیەکی زاڵی ووتارەکەی خستنەڕووی ئەرکی سەرۆکی هەرێم بوو کە سەرۆکی هەموو کوردستانە و بە یەک مەودا لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا دەوەستێت و مامەڵە دەکات، لە هەمان کاتدا پەیامی ڕوونی تێدابوو بۆ سێکتەرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەڕوونیش باسی لە گرنگی هەماهەنگی نێوان هەولێر و بەغدا کرد تایبەت لە پرسی ئاسایش و ئابووری.

ئەوەی جێگای تێڕامان بوو شێوازی پڕۆتۆکۆڵ و ڕێکخستنی مەراسیمەکەبوو کە بە بەرنامە و هەماهەنگییەکی دروست ڕێکخرابوو، بەشێوەیەک بوو کە لە هیچ بۆنەیەکی سیاسی تر نەدەچوو، بەڵکو لە مەراسیمێکی پڕۆفیشنالی جیهانی دەچوو، ئامادەبووان و بینەرانیش لە میدیاکانەوە هەستێکی ئارام و مژدەبەخشیان لێ بەدیدەکرا.

لە ڕووی پڕۆتینکردنی میوانەکان و شوێنی دانیشتنەوە باش ڕێکخرابوو. پێشوازی و مالئاوایی میوانەکان زۆر شیاو بوو، هیچ پەلەپەل لێی بەدی نەدەکرا. ئەم بۆنەو مەراسیمەی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕەوینەوەی هەندێک گرژی سیاسی و لێکنزیککردنەوەی سیاسی و ئاشتکردنەوەی سیاسی بە ڕوونی تیایدا بەدی دەکرا.

دەکرێت ئەم بۆنەیە بکرێت بە هەوێنی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ لە نێوان سەرجەم پارت و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کوردستانێکی بەهێز بنیاد بنێین.

نێچیرڤان بارزانی.. نموونەی سەرکەوتن و ئاوەدانی



شنۆ محەمەد هەولێری

دوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ماوەی ساڵانێک لە سەرۆکایەتیی حکوومەتدا سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بە ژمارەکردنی نەوتی کوردستان بوو لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی، ئەمە جگە لەوەی کەسایەتییەکی دیپلۆماسی و ئاشتیخوازی هەیە کە هەردەم هەوڵی داوە کێشەکان لە ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگەوە چارەسەر بکات.

پەرلەمانی کوردستان بەفەرمی متمانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بە نێچیرڤان بارزانی بەخشی، ئەمەش وایکردووە نەیارەکانی پارتی و ئەو کەسانەی دژایەتی خودی نێچیرڤان بارزانی دەکەن، لەو ئالۆگۆڕە بترسن، بەوەی نێچیرڤان بارزانی وەکچۆن لە حکوومەت سەرکەوتووبوو و کوردستانی ئاوەدانکردەوە و کاری کردووە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان کوردستان و وڵاتاندا، ئەوها لە سەرۆکایەتیی هەرێمیشدا دەتوانێت زۆر کاری تر بکات کە بۆ کورد سوودبەخش و گرنگ دەبن و بۆ نەیارەکانی پارتیش جێگەی نیگەرانی، چونکە ئەو گرووپانەی بە ناحەق دژایەتی پارتی دەکەن، لە کار و پڕۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا ناتوانن تا ئەژنۆی پارتی بێن، ئینجا لە هەرێمیش، هەوڵی چارەسەری کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ و تەبایی و پێکەوەژیان دەدات، بەمەش خەونی ئەو گرووپە دژە پارتییەی نیگەرانتر کردووە و لە بەرانبەردا هانا بۆ قسەی بێ ئاست و نزم و بازاڕی دەبەن.

دڵنیام نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێمیشدا میژووی دیکە بۆ کورد تۆمار دەکات، چونکە کارەکانی نێچیرڤان بارزانی لە دڵسۆزی، شارەزایی و کاریزمایی، بەڵگەن لەسەر توانا و ئەدای ئەو پیاوە ماندوو و دڵسۆزەی کوردستان، کە لە خەمی بووژانەوەی هەرێمدایە، چونکە دەزانن لە سەرۆکایەتیی بەهێزتر دەبن و زیاتر لای کورد دەبنە کاریزما و پێویستی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەمەش ئەو گرووپە دژە پارتییەی نیگەرانتر کردووە و لە بەرانبەردا هانا بۆ قسەی بێ ئاست و نزم و بازاڕی دەبەن.

دڵنیام نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێمیشدا میژووی دیکە بۆ کورد تۆمار دەکات، چونکە کارەکانی نێچیرڤان بارزانی لە دڵسۆزی، شارەزایی و کاریزمایی، بەڵگەن لەسەر توانا و ئەدای ئەو پیاوە ماندوو و دڵسۆزەی کوردستان، کە لە خەمی بووژانەوەی هەرێمدایە، چونکە دەزانن لە سەرۆکایەتیی بەهێزتر دەبن و زیاتر لای کورد دەبنە کاریزما و پێویستی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەمەش ئەو گرووپە دژە پارتییەی نیگەرانتر کردووە و لە بەرانبەردا هانا بۆ قسەی بێ ئاست و نزم و بازاڕی دەبەن.

سەدان سەروەری و پڕۆژەی گەورەی خزمەتگوزاری و پڕۆژەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پێناو گەلی کوردستاندا جێبەجێ دەکات و بناغەی کوردستانێکی بەهێز لە ماوەیەکی کەمدا دادەنێت وەک نموونەی بەرز و درەوشاوەی حکومڕانێتی دیموکراسی و پێشکەوتوو و ئاشتیخواز لە ژینگە و ناوچەیەکدا. هەرێمی کوردستان لە سایەی پارتی تا دێت دەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو و جێی متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئینجا ئەو گرووپە دژە پارتییە لەوە دەترسن، بۆیە دەیانەوێت بازاڕی خۆیان بە چەواشە گەرم بکەن، بەڵام خەڵکی کوردستان دەزانن تەنیا پارتی خزمەتی گەل و خاکی کوردستان دەکات و کار دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد چاونەترسانە داوای مافەکانی بکات.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە هبە جۆری ئۆتۆمبێل: حفارە زنجیر دایو حجم کبیر مۆدێل: ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٢٧٤٤٠ کاتی ژمارەی شاصی: ١٦٧٦-SL٢٢٠LC-V ووون بوون هەرکەسێك زانیاری لەسەر هەبێت با بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە ئاوزیر جۆری ئۆتۆمبێل اسکانیا راس تریلە مۆدێل: ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٣٧٩٦ کاتی ژمارەی شاصی: XLER٦X٢٠٠٠٥١٨٨٤٠٣ ووون بوون هەرکەسێك زانیاری لەسەر هەبێت با بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

***

مدیریة تنفیذ بردرش

العدد /٣/ ت.خ/٢٠١٩
التاریخ/٢٠١٩/٦/١٢

اعلان

قررت مدیریة تنفیذ بردرش بیع المکائن الالیات ومعمل العائد للمدین (محمد شریف جلیك /مدیر مفوض لشرکة انجل الترکیة اضافة لوظیفته) المدرجة اوصافها وقیمة المقدرة لهم ادناه والتی تم حجزها لقاء دین الدائن (شیخ موس جیلان /مدیر مفوض لشرکة جیلان الترکیة) والبالغ (١,٤٠٠,٥٦٤,٥٠٠) ملیار واربعمائة ملیون وخمسمائة واربعة وستون الف وخمسمائة دینار فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة خلال مدة ثلاثة یوما تبدا من الیوم التالي للنشر مستصحبا معه التامینات القانونیة البالغة (٥٠٪) خمسون من المائة من القیمة المقدرة وان رسم التسجیل والدلالیة علی المشتري وذلك بموجب احکام الماده (٧١) من قانون التنفیذ النافذ المواصفات :-

* المکائن .

١- حادلة عجلة حدیدیة هام مودیله (٢٠١١) ولونه (برتقالی + نفطی) والقیمة المقدرة (٢٤,٠٠٠,٠٠٠)

٢- حادلة عجلة حدیدیة هام مودیله (٢٠١١) ولونه (برتقالی + نفطی) والقیمة المقدرة (٢٤,٠٠٠,٠٠٠)

٣- بلدوزر زنجیر مودیله (١٩٨٦) ولونه (اصفر) والقیمة المقدرة (٥٤,٠٠٠,٠٠٠)

٤- حفارة هیتاشی زنجیر مودیله (٢٠٠٨) ولونه (برتقالی + نفطی) والقیمة المقدرة (١٠٢,٠٠٠,٠٠٠)

المنفذ العدل / عنتر فرهاد محمد

***

محکمة تحقیق الشمال

اعلان

الی المفقود : دلشاد صالح علي

قدم السید / صالح علي احمد طلبا الی هذه المحکمة حول فقدانك بتاریخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولیة محل اقامتك تقرر تبلیغك بواسطة صحیفتین محلیتین ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون یوما من تاریخ النشر وفي حالة عدم حضورك سیتم اتخاذ الاجراءات القانونیة وفق الاصول

القاضي / عبدالعزیز احمد عزیز

***

مدیریة الجنسیة و الاحوال المدنیة لمحافظة اربیل
الواقعات

العدد: ٨٠٢٨
التاریخ: ٢٠١٩/٦/١٢

اعلان

قدم المواطن (ریبوار صابر غریب) دعوی فی هذه المدیریه لتبدیل اسم ابنه من (لاوی) الی (رۆژان) فمن لدیة اعتراض مراجعه هذه مدیریة خلال خمسة عشرة یوما من تاریخ نشره فی الجریده و بعکسه فسوف تنظر هذه المدیریه فی المدعوی وفق احکام المادة ٢٢ من قانون البطاقه الوطنیه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء/ هیثم فاضل الغرباوی
مدیر الاحوال المدنیه و الجوازات و الاقامة/ وکالة

***

محکمة احوال شخصیة اربیل/٣
العدد: ٢٤٢٤/ش٢٠١٩/٣
التاریخ: ٢٠١٩/٦/١٢

اعلان

المدعیة (مها زیاد محی)
المدعی علیة (غزوان خوام محمد) محل اقامتك مجهول

اقامت زوجتك المدعیة (مها زیاد محی) الدعوی الشرعیة المرقمة (٢٤٢٤/ش٢٠١٩/٣) لدی محکمتنا و التی تطلب (تفریق للهجر) و لمجهولیة محل اقامتك لذا قررت المحکمة تبلیغك عن طریق جریدتین یومیتین تصدر فی العراق لغرض الحضور امام محکمتنا صباح یوم المرافعة (٢٠١٩/٧/٢٨) الساعة التاسعة صباحا او من ینوب عنك قانونا وفی حالة عدم حضورك امام المحکمة ستتخذ الاجراءات القانونیة بحقك بموجب القانون.

القاضی/ صباح قادر کاملا

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/٤٦١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٦/١١
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

مولکی ژمارە ٢٤/٢٤٤ ٩٨ قلەان کە کەوتوەتە کەرتی ٩٨ قلەان دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار شرکة سیگما العالمیه للاستسمار کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی عتید محمد نذیر امین بەبڕی/ ١,٠٨٨,٥٦٠,٠٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٥٩٢ شاری زیتون
٢ – ڕەگەزو جۆری/ خانوی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ شاری زەیتون
٤ – پێکهاتەکەی/ دوو ژووڕو هۆل داخلی ژووری میوان و حمام و مرافق و چێشتخانه لە بلۆك کۆنکریت دروستکراوە.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠م
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ نیشتەجێیە
٧- نیشتەجێکەی/ بەتاڵ

٨ – نرخی قرساو/ ٥٢,٨٠٠,٠٠٠ پەنجاو دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار.

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:١٩٧/ب٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/٦/١١
جاردان

بۆ/ داوالێکراو (سعدیه و عدویه و گلیزار و سلطانة و وزیره و فوزیه و کول بهار، میراتگرانی مردوو عبدالرحمن اسماعیل عباس) داوای ژمارە (١٩٧/ب٢٠١٩/٢) ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر (سعدیة یاسین عبدالله) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری (هەولێر/ گەرەکی مستوفی) لە ٢٠١٩/١/٢٣ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەداوای (تخلیه) لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/٦/٢٤) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ قباد شیرزاد نوری

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٨/٢٦٤٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢
ئاگاداری
بۆ/ نقیب مصطفی احمد

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

زانیاری لەسەر مولکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)
- خاوەن مولك (ئاسو عثمان علی)
- جۆری مولك (ملك صرف)
- ڕووبەر (١٠٠م٢) لە کۆی (٢٠٠م٢)
- ژمارەی مولك (٧/٤٢٤٢ کەرتی ٩٣ حصارۆك)

شوێنی مولك (هەولێر/ شاری هەڤالان/ نزیك کۆمەڵگای منارە/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)

هجر) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (قوشتەپە/ کۆمەڵگەی گرتك و ڕۆست) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٧, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٣٢٠٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایده العلنیه) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٥/٣٦٦٢ کەرتی ٩٣ حصارۆك) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (عبدالحمید سعید محمد) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٣٢٠٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایده العلنیه) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٥/٣٦٦٢ کەرتی ٩٣ حصارۆك) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (عبدالحمید سعید محمد) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

- پێکهاتەکەی/ تەنیا پشکی قەرزار خانوو پێك هاتووە لە ژوورێك و مطبخ و حمام و ئاودەست لە خوارەوە دوو ژوور و حمام و ئاودەست لەسەرەوە.

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٣٢٠٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایده العلنیه) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٥/٣٦٦٢ کەرتی ٩٣ حصارۆك) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (عبدالحمید سعید محمد) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

- پێکهاتەکەی/ تەنیا پشکی قەرزار خانوو پێك هاتووە لە ژوورێك و مطبخ و حمام و ئاودەست لە خوارەوە دوو ژوور و حمام و ئاودەست لەسەرەوە.

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٣٢٠٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٢
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایده العلنیه) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٥/٣٦٦٢ کەرتی ٩٣ حصارۆك) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (عبدالحمید سعید محمد) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (٢٩٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و نۆسەد هەزار دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (یعقوب نجم الدین سعید) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئامرازەکانی ئەلیکترۆنی بۆ پەیوەندی کردن/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (جلیشیم) بۆ للطاقة و الهندسة المساهمة) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (LOVELY CHIC) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست
بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٥٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١
ئاگاداری
لەسەر داوای هاوڵاتی (هەزە سایل حمد) کوری (سایل حمد عمر) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (اسماعیل حمد حمد) بۆ (سایل حمد عمر) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٦، ١١، ٦٦ ، ١٣٠، ١٥٦، ٢٠٧) کەرتی ١١/ باوەقوب, کە لەسااڵنی تەسویە بەهەڵە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/٢٦) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٧٠/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: عادل کریم چنانی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (عەربەت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٧/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ زیاد بشیر محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٦٠/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٥
بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو: شانیا غفور علی عبدالله و کۆیستان حسام الدین معروف
ناوی دایکی: نیگار حمه سعید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ زیاد بشیر محمد
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٦٠/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٥
بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو: شانیا غفور علی عبدالله و کۆیستان حسام الدین معروف
ناوی دایکی: نیگار حمه سعید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل تۆفیق سعید
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٥٢/ت/٢٠١٦
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٥
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: هوراز ڕحمن حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣) لەیاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە (٨) سالی ١٩٨٨ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (عەربەت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
***
(ئاگاداری)
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (٦٣)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٤٥)ك ٢٦ بێخاڵ ، بە مەبەستی دانانی پڕۆژەی (دووکان و گەراج) بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦ ، جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای باڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بڕی پارەی خەملێنراو ، گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە .
د.کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
***
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی و دەست
بەسەراگرتن لە هەولێر
ئاگاداری
لەسەر داوای هاوڵاتی (ئاری ڕمضان حمد) کوری (عائشە محمد اغا قادر) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو :--
لە (عیشە محمل حسین) بۆ ((عائشە محمراغا قادر) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١٩١) کەرتی ٨/ بالکیان ، کە لە ساڵانی تەسویە بە هەڵە تۆمار کراوە ، وە ڕاست کردنەوەی ناوەکە تەنها بە مەبەستی قەرەبووی پارچە زەویەکەیە کە کۆژاوەتەوە هەروەکولە داواکاری ناوبراو هاتووە ، وە پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٦) کارەکەمان ئەنجام دەدەین .
سەرۆکی لیژنە / کاروان ابراهیم اسماعیل
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٢٤٥٦/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢
جارِدان
بۆ داوالێکراو: (هیوا احمد عزیز) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار(ایمان محمد رشید) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٢٤٥٦/ش/٢٠١٩/٣) تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی اشعاری موختاری (هەولێر/ گەڕەکی إسکان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٢١) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/صباح قادر کاملا
***
ئاگادارییەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان/ بەشی کشتوکاڵی کۆکس
ئاگاداری
ئاگادارس سەرجەم دانیشتوانی گوندی شێخ لەنگەری بچوك دەکەینەوە ، هاوڵاتی (یادگار ئەکبەر محەمەد) پڕۆژەی بەفرفوانکردنی گوندی (شێخ لەنگەری بچوك)ی هەیە ،هەرکەس لاری هەیە یاخودناڕەزایی لەم بەرفروانکردنە ، بفەرموی بەتۆمارکردنی ناڕەزایی وسکاڵا لەبەشی کشتوکاڵی کۆکس، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان لەماوەی (١٥) ڕۆژدا ، لە بەرواری باڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە لە دوورۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی، بە پێچەوانەوە هاوڵاتی ناوبراو هەڵدەستێ بە بەفرفوانکردنی گوندی ئاماژە پێکراو .
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان/ بەشی کۆکس
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار- یەك
ژمارە / ١١ /
ڕیکەوت / ٢٩ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگاداری
بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (ارکان عبدالله فرج) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی (تاقیگەی کەلار) بۆ پشکنینی ئۆتۆمبێل کە لە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەساڵی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.
ژ ا ناوی ئامێر ا ژمارەی ئامێر ا دروستکراو ا مۆدێل ا توانای کارەبایی ا
١- هێڵێکی پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلی گەورە لەگەڵ پاشکۆکانی ا نیەتی ا ئەڵمانی ا ٢٠١٨ ا ٨ ئەسپ ا
٢- هێڵێکی پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلی بچووك لەگەڵ پاشکۆکانی ا نیەتی ا ئەڵمانی ا ٢٠١٨ ا ٦ ئەسپ ا
٣- هێڵێکی پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلی بچووك لەگەڵ پاشکۆکانی ا نیەتی ا ئەڵمانی ا ٢٠١٨ ا ٦ ئەسپ ا
سیامند محمد صالح
دادنووسی یەکەمی کەلار
٢٩ / ٥ / ٢٠١٩
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سۆران
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕاندز
نموونەی ژمارە (٢٨) تۆمارکردنی خانووبەرە جاردانی داواکاری سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە بەپێی ی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٩ پێشکەش بە تێبینەرایەتیەکەمان کراوە بۆ سەر لە نوێ تۆمارکردنی
خانووبەرەی زنجیرە ٢٢٤٤ گەرەکی (قەڵای ڕاوندز) بەناوی هاوڵاتی (سلام ڕحمن عشمان) کە لەژێر دەستیانە بۆ ماوەی یاسای وەك خاوەنی و مەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتیەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆمار بکرێت، جا هەر کەسێکی پەیوەندی هەبێت یان مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای باڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بە تێبینەرایەتیەکەمان بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو باڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو ڕۆژەی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
تێبینەر/ أدریس صباح أسماعیل
***
دادگەها بەرایی/ زاخو
ژمارە /٩٨/ب/٢٠١٨
مێژوو/ ٢٠١٩/٦/١١
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٩٨/ب/٢٠١٨) ل (٢٠١٨/٦/١٢) لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٣٩٦/٣٢) کەرتێ ٩١ جوار زاخو) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ (١٥) ڕوژا دا دەست پێدکت ژ ڕۆژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕۆژانە دا وەەر کەسێ بقێت پشکدارییت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا قێ دادگەهێ بکت داکو (١٠٪) دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (٢٩٥,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەد و نوت و پێنج ملیون دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ قی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕۆژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا ل ڕۆژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان .
دادوەر / احمد حسن خلف
سەخلەت :
خانیەك (غربی) دوو قات ل سەر ئاقاری هاتیە ئاڤاکرن قاتێ ئەردی پێکهاتیە ژ چار ژوورێت نڤستنێ و لینانگەهەك و هول و سەرشوو و توالێت وقادرمە (دەرج) دچیتە قاتێ ئێکێ کو پێکهاتیە ژ سێ ژوورێت نڤستنێ و سەرشوو و توالێت و قادرمە ، و ئاقار ئاڤاکریە ژ بلوکا و چیمەنتویێ و داگرتیە ژ کونکریتی و ئاسنی و ئاقار دکەڤیتە ل سەر جادەکا سەرەکی ب پانی (٢٠م) ژلایێ ڕوژئاڤا قە ڕووبەرێ ئاقاری (٢٩٤) م٢ .
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠١٧٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (LOVELY CHIC) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (LOVELY CHIC) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٢٦) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٢٠٧٠٠) لەڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/١٥ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (ریکەوت نجم الدین سعید) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هاوسەر صلاح الدین شوانی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/٥/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٢٥٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (قەزنەفەر) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (قەزنەفەر) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٢٦) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (١٦٣٧١) لەڕێکەوتی ٢٠١٣/١/١٥ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (جنگی نجم الدین سعید) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هاوسەر صلاح الدین شوانی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/٥/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Pipelines QA/QC Engineer
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:
- Responsible for the quality and workmanship of every activity, thorough knowledge of all phases of engineering construction relating to Civil, Mechanical and Structural disciplines whilst interfacing with the multidisciplinary groups.
- Ensuring that all DNO standards are adhered to by the contractor.
- Sound communication skills to laisse between DNO and contractor.
- Taking the initiative to proactively solve any problems arising in the field, whilst consulting with engineering and management
- Taking care of QA/QC documents for the entire project including certification, calibration, test results, inspection requests, non-compliance reports and site instruction/observations, and the closure of same.
- Develop method statements for all activities including risk assessment and job safety environmental analysis and Inspection Test Plan and Checklist based on specifications of the project.
- Ensuring that the CM is informed in all aspects of the daily activities

Required Qualifications & Experience:
- CSWIP Welding Inspector
- PCN Radiographic Interpretation
- ERS Radiography
- ERS MPI Inspection
- City and Guilds Certificate
- Must have worked in Kurdistan previously in a similar position for a major oil company
- At least 15 years' experience in a similar QA/QC role within the oil and gas industries and with a strong bias to welding, and pipelines.
- Ability to provide technical advice and consultation on all quality related issues and relevant international specifications and standards eg ASME etc.
- Ability to prepare all related reports and documentation for ITP's, Method Statements and Handover etc.
- Ability to communicate with management and work both on self-initiative and as part of a team.
- Extensive ''hands on'' experience with local contractors.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Document Controller
Work Location	Dubai based
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Description Summary
Project Document Controller who will be responsible for Technical Documents management in the Dubai Projects Office
•Responsible for assistance in the Document Control activities.
•Support in the implementation of approved Document Control related procedures across all projects and to all parties involved (e.g. EPC Contractors, Vendors/Suppliers & Subcontractors)
•Provide technical support to the Projects team in the use DNO's Electronic Data & Records Management System – Aconex.

Job Description
o Ensure that approved Document Control related procedures are implemented properly across all projects and parties involved
o Processing of all incoming and outgoing Technical Documents including Engineering Deliverables, Vendor & Sub-Contractor documents
o Provide support to record all forms of project correspondence
o Support and interface with the Document Control team in the Site Construction office
o Provide input to the Projects Department weekly report with Document Management Progress KPIs
o Provide assistance and training to Personnel and/or Contractor counterparts in regard to the implementation of EDRMS (Aconex)

Recent experience with key Company systems including;
o Aconex document management system
o Primavera P6 EPPM
o Microsoft SharePoint

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.


DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢١/خ/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٤
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٦٢٥٢/١) کەرتی ٤١ کری بانی) یا قەرزدار (هرمان رمضان حسن) بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١١٠٧/١) کەرتی ٤١ کری بانی- تاخی هەلات)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
ڕووبەر :- (١٥٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتی ودوو مەلیون دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلیمان خالد
***
لیژنا بریارا (٢٢٢) لسالا ١٩٧٧ لپارێزگەها دهوکێ
ئەوا تایبەت بجهئینانا یاسا ژمارە (٥) یاسالا ٢٠٠٧
ژمارە: ٤
مێژوو: ٢٠١٩/٦/١١
ئاگەهداری
بوخودانێت ماڤێ پێتچوونێ لپارچا ژمارە (١/١٣) کەرتێ ٢٦/جوجر کبیر (کمال و جمال اولاد کامل مجید و بشوار و هشیار و عبدالاله اولاد تحسین عزالدین و عزیز و اسماعیل ولدی محمد عبدالرحمن و عصمت اسماعیل عمر و فیرز و عیشی ولدی عبدالله عبدالرحمن و عدنان تحسین امین و ایاز جبار دینو و حمزه ولید و عمار اولاد خسرو اسعد و سمیر عدنان تحسین و میرحاج و برهان ولدی فرزنده جانکیر و لقمان و تحسین ولدی عزالدین جانکیر و کاظم و کمال و جمال و اقلیمة اولاد صالح عمر عبدالرحمن و نوزت محمد رمضان و سعاد سلیمان محمد و حازم و کاظم و قاسم اولاد عبدالله رشید و سالم و قاسم ولدی عبدالکریم عبدالله و فیصل کاظم صالح و ارکان جلال کاظم و عزیز و هاشم و سالم و هرمان و عدنان اولاد مرعان عمر و اکرم عزه رمضان و فرست ارشد کاظم و عمر کاظم صالح و قادر عزت رمضان و فرحان جلال کاظم و بشار جمیل ابراهیم و ادیب احمد عبدالغفور و شهاب احمد عبدالغفور و خالد عبدالخالق عبدالغفور و نوزاد اسماعیل جبرائیل و محمد سلیم).
بو بەشەکێ خوشبیری دکەڤیتە دناڤ عەردێ هەردوو هاوەلاتیان (محمد کنجو بهاءالدین و ایوب شاکر یوسف) لسەر جادا گشتی کەرتێ (٤٣) (شیلادزێ) بهێتە ڕاگەهاندن د ڕوژناما هەوە دا ئەڤجا هەر لایەن و کەسەکێ یان هەر فەرمانگەهەکێ گازندەك یان تێبینیەك هەبیت لەسەر وی نەخشەی بلا ئاگەهداریا سەرۆکاتیا باژێڤانیا شیلادزێ بکەن د وێ ماوێ دیارکریدا چونکە پشتی بدوماهیک هاتنا ماوێ یاسایی کەسەکێ ماف نینە چ داخازی یا لسەر وی نەخشەی بکەت بوزانین.
ئەندازیار/ سربست حسین تازدین
سەرۆکێ باژێڤانییا شیلادزێ
***
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٢١١٩/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو/ بەرێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (ENKORE)
لەسەر داوای داواکار بەرێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (شاری خەونەکان/ مدینه احلام) سەرەڕای کارەکانی لە داوای ژمارە (٢١١٩/ب/٢٠١٨) ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦ بریاریدا لەسەرتان بە پابەندکردنتان بەدانی بری پارەی ٩٨,٠٠٠ نەوەدو هەشت هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (١١٨,٣٨٤,٠٠٠) سەدو هەژدە ملیۆن و سێ سەدو هەشتاو ا چوار هەزار دیناری عیراقی وەك کرێی مانگانەی شوێنی (چێشتخانەی سرینا) لە B9/ پلازا/٢ لەشاری خەونەکان بۆ ماوەی ١٨ مانگ، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی وەزیران و دریم ستی و ڕۆیال ستی) لە ٢٠١٧/١٠/١٤ بڕیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنتان بەبیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەم بیارە و بیارەکە پاشملەیەو (قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمییز) ە مافی تانەدانت هەیە لە بیارەکە لەماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکەوت طه رسول
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٣٤٢٩/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بیان حسین علی)
ئامازە بە داوای بەرایی ژمارە ٣٤٢٩/ ٢٠١٨/ب٤ کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (المدیر المفوض لشرکة داون تاون) ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٥/٢٧) بەپاشملە بریاریدا بەپابەندکردنت بەچۆلکردنی دوکانی (GS٢٩) لەبەر نەدانی کرێی گشت مانگەکانی ساڵی ٢٠١٦/ وە سالی ٢٠١٧/ و مانگی ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨ و ٩ ساڵی ٢٠١٨ بری کرێی هەر مانگێك ٨٨٠ دۆلار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر / گەرەکی مفتی) لە ٢٠١٩/١/٣٠ بڕیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) تێچەلچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لەبریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٣٤٢٨/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بیان حسین علی)
ئامازە بە داوای بەرایی ژمارە ٣٤٢٨/ ٢٠١٨/ب٤ کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (المدیر المفوض لشرکة داون تاون) ئەم دادگایە لە (٢٠١٩/٥/٢٧) بەپاشملە بریاریدا بەپابەندکردنت بەچۆلکردنی دوکانی (GS٢٩) لەبەر نەدانی کرێی گشت مانگەکانی ساڵی ٢٠١٦/ وە سالی ٢٠١٧/ و مانگی ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨ و ٩ ساڵی ٢٠١٨ بری کرێی هەر مانگێك ٨٨٠ دۆلار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر / گەرەکی مفتی) لە ٢٠١٩/١/٣٠ بڕیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) تێچەلچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لەبریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٢٧٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٨
بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (یعقوب نجم الدین سعید) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئامرازەکانی ئەلیکترۆنی بۆ پەیوەندی کردن/ تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بریاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (یعقوب نجم الدین سعید) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئامرازەکانی ئەلیکترۆنی بۆ پەیوەندی کردن/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٢٦) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٥٣٥١) لەڕێکەوتی ٢٠٠٨/٩/٢٤ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (یعقوب نجم الدین سعید) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هاوسەر صلاح الدین شوانی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٧٢٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١
بریار
ئامازە بە ناوەڕۆکی کۆنووسی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیای (جلیشیم)ی تورکی (للطاقة و الهندسة المساهمة) ڕاستێندراوە لە باڵوێزخانەی عیراقی لە ولاتی تورکیا لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٣ کە لەلای ئێمە تۆمارکراوە لەژێر ژمارە (١٣٠٧٣) لەبەرواری ٢٠١١/٦/١٣ وە بەڕێوەبەرایەتی ڕێپێدراوی لقی کۆمپانیای (CENGIZ KARAKUYU) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (یونس مولود صالح بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پاڵپشت بە ماددەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/١١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٤١٨٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بکر عەوێنە) بۆ (بازرگانی گشتی و چاکردنی ئامێری کشتوکاڵی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت


حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين – اربيل
مديرية العقود العامة
حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
Kurdistan Regional Government -Iraq/ Council of Ministers / Ministry of Higher Education & Science Reaserch
Salahaddin University/Erbil /Directorate of Public Contracts
No:
Date:
ژمارە: ٦٤٦٢/٤/٢
ڕێکەوت: ١٦/٦/٢٠١٩ی زایینی
ڕێکەوت: / /٢٧١٩ ی کوردی
ناگاداری
ب/کەمکردنەوەی نهێنی بۆ جاری سێ یەم
پ / تەندەر
سلاو ڕێز .....
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ناگاداری ئەو هەموو بەڵێندەر و کۆمپانیانە دەکاتەوە کە ئەو مەرجانەی لەم ناگادارکردنەوەیان هەیە بۆ بەشدارکردن لە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ ئەنجام دانی پرۆژەی (چاککردنەوەی یاریگا و تراکی گۆڕەپان و مەیدانی کۆلیژی پەروەردەی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان)، جا هەر بەڵێندەرێك و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی بکەن لە سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ کرینی ئەم تەندەرە بەرامبەر بە بری پارەی(٥٥,٠٠٠) (پەنجا و پێنج هەزار) دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆی. دواکات بۆ پێشکەش کردنی تەندەرەکان لەکاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕێکەوتی (٦/٢٦/ ٢٠١٩) و پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری دارایی و کارگێری دەبێت.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :-
١. کۆمپانیا پۆلێن کرا بێت / لە پلەی (٩) (نۆ) کەمتر نەبێت .
٢. دانانی بارمتەی سەرەتایی بە بری (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری عێراقی) بە شێوەی (چەکی پەسەند کراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی چوار مانگ (بە مەرجێك لە بانکی حکومی دەرچووبێت).
٣. زانکۆ پەیوەست نیە بە پەسندکردنی کەمترین ترخی تەندەر.
٤. کرێی بلاوکردنەوەی ناگادارییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کارەکەی بۆ دەرەچێت
پ.د.أحمد أنور رزەیی
سەرۆکی زانکۆ
وێنەیەك بۆ :
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ ..... تەگەڵ ڕێزماندا
- نوسینگەی بەڕێزیاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی ..... تەگەڵ ڕێزماندا
- بەڕێوبەرایەتی دارایی

DNO
EST - 1971
کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Civil Construction Supervisor
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements
Key Responsibilities:
- Management and delivery of Civil Works in accordance with the companies HSE policy
- Ensures works are executed according to the contract and agreed risk controls.
- Supervises and is responsible for safe and responsible contract implementation and completion.
- Defines and safely delivers cost effective construction solutions to internationally recognized standards, some within challenging timescales.
- Raise internal project construction approval documentation, review scope changes and change requests as required;
- Lead the Job Risk Assessments reviews and ensure all mitigating measures are enforced.
- Produce construction status reports.
- Monitor construction progress and ensure necessary information flow between stakeholders to meet project milestones
- Support effective handover and closure of construction contracts.

Required Qualifications & Experience:
- >20 years of experience in civil works projects, preferably within the oil and gas industry.
- Experience of contractor HSE Management
- Have a wide range of technical skills and experience and a practical knowledge of typical oil field construction works.
- Experience in developing technically acceptable, constructible and operable cost-effective solutions to complex problems.
- Familiar with commonly used project management concepts and tools, used to contribute project control information.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/6/13 ژمارە (5767)

هزرو هونەر، خەمێکی دیکەی نەجات حەمید بوو





ئاکۆ عەبدولا

دوای ئەوەی بە سەرپەرشتی هاوکارمان کاک ئیبراهیم سەمین 27 ژمارەی پاشکۆ بەپێزەکەی (هزر و هونەر) مان دەرکرد، لەو ساوە تا کاتی وەستانی کە ژمارەکەی گەیشتە 134 کاک نەجات حەمید ئەرکی سەرپەرشتیکردنی گرتەئەستۆ. پێشتریش لەگەڵ ناوبراو سالانێکی درێژە لە لاپەڕەکانی تایبەت بە بابەتە کەلتوورییەکانی ئەو رۆژنامەیە، کارمکردووە، کارکردنیش لەگەڵ کەسێک کە لە بوارەکەی ئەزموندارێت، پێویستی بە شارەزایی و بەرهەم و بەشداریکردنی جدی دەبێ.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر، هەوڵەکانی ناوبراوە لە کاتی دەرکردنی پاشکۆیەکە و ئاخ هەڵکێشانیشی لەکاتی راگرتنی. بێگومان بە هۆی ئەو پێگە گرنگەی لە گۆڕەپانەکە وەک نووسەر و رەخنەگر و توێژەر هەیبوو، هەروەها بەهۆی ئەو پردە تۆکمەیەی لەگەڵ نووسەرانی دوور و نزیک بنیاتینابوو، لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی داکۆکیکردنی بەردەوامی لە مافی نووسەران، بەتایبەتیش لەلایەنی ماددی (کە خۆی پاداشتی نووسینەکانیانی دیاریدەکرد)، هەموو ئەوانە وەهایانکردبوو نووسەرانی بە توانا و ناسراو لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان و تەنانەت دەرەوەش بابەتی بەپێزمان بۆ بنێرن. بێگومان بۆ خۆشمان بەتاسەوە بەشداریمان لە رازاندنەوەی زیاتری لاپەڕەکان دەکرد. لە لایەکی دیکەوە ناوبراو وەک نووسەرێکی رۆشنبیر، بۆ لاپەڕەی یەکەمی هەموو ئەو ژمارانەی کە سەرپەرشتیکردن، وێنەیەکی گوزارشتکاری وەهای هەڵدەبژارد کە لای زۆربەی نوێبوو و تەواوی ئەو لاپەڕەیەی پاشکۆیەکەشی پێدەرازاندەوە، بە جۆرێک ئەو کارەی ببوو بە ئەدگارێکی دیکەی پاشکۆیەکە.

بەڵام حەیف بۆ کاروانی رۆژنامەگەری کوردی و تەمەن کورتی ئەو هەموو رۆژنامە و گۆڤارەی ناو میژووەکەی، بەهۆی هێرشەکانی داعش و گرفتە بنبەستە جۆراوجۆرەکانی ئەوسا، کە وەیشومەی قەیرانە کەمەرشێکنەکانی بەسەر هەرێمەکەمان داهێنا و بووە ئافاتێکی دیکە بۆ رۆژنامەگەری و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، ئەو پاشکۆیەش لەتەک گۆڤار و پاشکۆکانی دیکەی رۆژنامەکەمان وەستێنرا و بە دوو لاپەڕەی هەفتانە لە ناو رۆژنامەی خەباتی رۆژانە شوێنمان بۆ کراوە. بێگومان ئەو گۆڕەپانە تەسکە، نە تاسەی ئێمە و نووسەرانی شکاند نە تامەزرۆیی خوێنەری بابەتە کەلتوورییەکانیش. لەلایەکی دیکەوە ئەو وەستانە تەنیا پاشکۆی هزر و هونەری رۆژنامەکەمانی نەگرتەوە، بەڵکو هەموو بڵاوکراوەکانی حکومەت و زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکانی دیکەی ئۆرگانەکان و تەنانەت دەزگاکانی بڵاوکردنەوەشی گرتەوە.

بەهەرحاڵ کاک نەجات حەمید بەو وەستانە زیاتر لە هەموومان غەمبارتربوو. چونکە ئەو بە پێچەوانەی ئەو هێمنییەی لە هاتن و چوونی دەبینرا، بە جۆرێکی دیکە دەپرۆانی. بەلایەوە زۆر ئەستەم بوو کۆمەڵگەیەک بە جارێک هەموو دەرگاکانی رۆشنبیربوون لەسەر خۆی دابخات. بەردەوامیش داغی لەوە دەخوارد نە حکومەت و نە لایەنەکان وەک پێویست لە ئاست ئەو زەروریەتیەدانین کە خۆراکێکی پێویستە بۆ هەزری نەوەی نوێ و خەرمانێکی گرنگیشە بۆ شارستانی.

ئەو چاوکراوانە دەیبنی ئەو داخستنە تەنیا لە سەر کاغەز و خەرجیەکانی نەبوو، بەڵکو وەستانێکبوو لە هەموو هۆکار و شێوازەکان. ئەوەش لە کاتێکدایە کە لەگەڵ ئەو دیوە نوێیەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا لە جیهان هێنایەکایە کەچی هێشتا کۆمەڵگە پێشکەوتوو و چەقبەستووەکان لە گرنگیدان بە لایەنی کەلتووری گەرمترن. رۆژ لە دوای رۆژ خانەی مۆدێرنتری بڵاوکردنەوە بنیاتدەنرێ و خەڵات و پاداشتی مەزنتریش دیاریدەکرێ. کەواتە لێرەدا ئەوە نەبۆتە گرفت شێوازی بڵاوکردنەوە لە شێوەی کاغەزی چاپکراوێ یاخود بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی.

ئەو بارە سەختە درێژەی کێشا. چەند سالێکە بەو دوو لاپەڕەیە هەڵمانکردووە. لەبەر نەمانی پاداشتیش زۆر بەدەگمەن نووسەران بەشداریمان لەگەڵدا دەکەن بۆیە ئێمە وەک ئەرکی سەرشانمان هەوڵماندا بە بابەتی بەپێز کاروانەکە بەردەو پێشبەرین. لەگەڵ نیشتنەوەی وردە وردەی گیژاوی قەیرانەکانیش، کاک نەجات زیاتر لە ئێمە بەهیوای دەرکردنەوەی هزر و هونەرەکەمانبوو، کەچی مەخابن رۆژی 8ی ئەو مانگە، لە کۆتاییەکانی پشووی چەژن، دوور لە هەموومان نەخۆشییە جەستەیەکان و خەمەکانی ناخ، گیانی کاک نەجاتیان سارکردەوە و بەهۆیەوە مالئاوایی یەکجارەکی لێکردین. هیوادارین خودای گەورە بەر رەحمەتی خۆی بخات و ئاواتی دووبارە دەرچوونەوەی هزر و هونەری ئەو و هەموو لایەکیش بێتەدی!

پەیامی هەندێک لە نووسەران بۆ کۆچیدوایی نەجات حەمید، سەرپەرشتیاری لاپەڕەکانی هزر و هونەری رۆژنامەکەمان



پرۆفایل

نەجات حەمید فەقێ ئەحمەد
لەدایکبووی: ١٩٦١/ کەرکووک
- بکالۆریۆس لە زمانی فەرەنسی/بەغداد
هەندێک لە چاپکراوەکانی:
- میژوو خود لەناو لەنگەریەکدا، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیعر، هەولێر ١٩٩٧.
- مستەفا بارزانی و گوتاری سیاسی شۆڕشگێڕی کورد. لێکۆڵینەوەی سیاسی- ڕەخنەیی، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری_کتێبی گیرفان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥، ٩١ لاپەڕە.
- گەمە شاراوەکانی با، وەرگێڕانی شیعر لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، دەزگای سپیرێز، چاپخانەی "خانی"دهۆک، ٢٠٠٧.
- تیۆری بنیاتی شاراوە، تیۆری ڕەخنەیی. بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨، ٧٦٠ لاپەڕە.
- لەپێناو تازەگەری فیکریدا، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩. ٥٤٣ لاپەڕە.
- پراکتیزەکردن و تیۆریزەکردنی ڕەخنەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوە. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ساڵی 2013
ئەوانە و کۆمەڵێک کتێب و دەستنووسی دیکەی هەیە کە دەستنووسەکانیش ئامادەن بۆ چاپ.

ئامادەکردنی/ عدنان شریف

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی هەوڵی کۆچیدوایی هاوکارمان، نەجات حەمید کە ئێوارەی ڕۆژی شەممە 2019/6/8 کەوتە بەر دلۆڤانی خوای گەورە، زۆر لە نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیران لە ئەکاوەنتی تایبەتی خۆیان لە فەیس بوک، لەتەک هاوکاریکردن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە، هەست و سەرنجی خۆشیان لە ئاستیدا دەربڕیوە. لەبەر گرنگی بابەتەکە، ئەوەندی بەردەستی ئێمە کەوتبێ لێرەدا بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان دەیانخەینەڕوو.



خوالێخۆشبوو نەجات حەمید لەگەڵ سابیر رەشید

سابیر رەشید:
ڕۆژی 2019/6/8هاوڕێی دێرینم نووسەری بە توانا نەجات حەمید جێیهێشتین، دڵگرانم بە کۆچی ناوادەت، چونکە تۆ جێگا و پایەی ئەدەبیت پڕ نابێتەوە و یادگاریەکانیشت هەرگیز لە بیرو هزرماندا هەر دەمێنێت.

عەتا قەرەداخی:
زۆر بەداخەوە بۆ کۆچیدوایی کاکە نەجات. ڕۆحی شادبێت، کاک نەجات قەڵەمێکی سەنگین و مرۆڤێکی بێ دەنگ، بە هێمنی کاری دەکرد. بەداخەوە لە دەستدانی ئەم قەڵەمە سەنگینە زیانێکی گەورەیە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی.

سەردار حوسێن
مامۆستا نەجات حەمید مالئاوایی کرد. دەبوو لەنزیکەوە بیدوێنیت و تێکەڵاوی وردت لەگەڵی هەبێت، ئەگینا دووربەدوور هەرگیز نەتدەناسی. ئەو نووسەرێکی بەتوانا، پیاوێکی هێمن و بێدەنگ بوو، چەندین کتێبی لە زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە بۆ کوردی. سالانێکی زۆریشە کادیرێکی باش و پڕ ئەزموونی میدیای کوردییە. دوایین سالەکانی تەمەن لە ڕۆژنامەی خەبات خزمەتێکی زۆری وشەو ئەدەبیاتی کوردی کرد. خوای گەورە ڕۆحی بۆ بهێنێ، بەڵکو هەوڵی چاپکردنی بۆ بدەین، مامۆستا نەجات لە ژمارە 27تا دوا ژمارەی هەفتەنامەی هزر و هونەر کە 134بوو، سەرپەرشتیاری هەفتەنامەکە بوو. سەرەتا لە خەبات وەک بەرپرسی لاپەڕەی کولتوور کاری کردووە. دوای وەستانی هەفتەنامەی هزر و هونەر، وەک بەرپرسی لاپەڕەی هزر و هونەر لە ڕۆژنامەی خەبات دریژەی بەکاری ڕۆژنامەنووسیدا، ڕۆحی کۆچکردوو شاد بێت و خوا بیخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی.

سالار عوسمان:
نەجات حەمید یەکێک بوو لە نووسەرە جدییەکانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی و لەکاری وەرگێڕان و لەکاری ڕۆژنامەگەریشدا جێپەنجەی دیاربوو. بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرسە و ماتەمینی خۆمان ڕادەگەیەنین و خۆمان بە هاوخەمی بنەماڵە بەڕێزەکەتان و دۆستانی دەزانین. گیانی ئارام بێت.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

دڵشاد مستەفا وەسانی:
ئەمڕۆ ئێوارە، هاوکارێکی دیکەمان بەبێ دەنگی مالئاوایی یەکجاری لێکردین. مامۆستا نەجات حەمید نووسەر و وەرگێڕ لە فەرەنسی و عەرەبی و ڕۆژنامەوان. دەرچووی بەشی فەرەنسی زانکۆی بەغدا بوو. چەندین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی و سیاسی بڵاوکردۆتەوە. چەند کتێبێکی بۆ چاپ ئامادەیە، ماوەیەک پێش ئێستا داوام لێکرد کتێبێکی ئامادەکراوی خۆیم

مامۆستا و هاوکارمان نەجات حەمید شاد بکات و سەبوری و دڵنەوایی بە ئێمەو کەسوکاری بەڕێزیان ببەخشێت.

ئاکۆ عەبدولا:
ئەمڕۆ هاوکار و برای بەڕێزم کاک نەجات حەمید مالئاوایی یەکجارەکی لێکردین، بەو کۆستەی ئەدەب و ڕەخنە و ڕۆژنامەگەری قەڵەمێکی ئەزموندواری لە دەستدا. سەرەخۆشی لە خۆمان و کەس و کارەکەی دەکەین. ئیشاڵا خودای گەورە بە بەهەشتی شاد دەکات.

عوێد خدر گۆمەشینی
ماوەی چەند سالێک بەیەکەوە لە هزرو هونەر کارمان کرد، مرۆڤێکی سادە و بێدەنگ و هێمن، تۆزێک دوورەپەرێز، خەمەکانی خۆی بە دووکەڵی جگەرە بە بادەدات... ئەمڕۆ لەم ئێوارە هێمنە مالئاوایی کردو ڕووحی بەرەو ئاسمان بالی گرت، مامۆستا نەجات حەمید ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی بە سەلیقە و زمانزانێکی بەتوانا.. ئیتر تۆش بخەوە ژیان لەم مەملەکەتە ئەوەندە بێ بەهایە جوانترین دڵخۆشی مردنە.. ڕووحت شادو ئارام



لامپارد بروایەکی بەهێزی هەیە بۆ راهێنەرایەتی کردنی چێلسی



بڕیارە بەم نزیکانە فرانک لامپارد لەگەڵ بەرپرسانی یانەی چێلسی کۆببێتەوە بۆ گفتوگۆکردن لە هەر هەنگاو و ئەگەرێکی داهاتوو بەتایبەتیش لە دوای ڕۆیشتنی ساری ڕهێنەری یانەی چێلسی.

پێگەی گۆڵی جیهانی بڵاوی کردەوە کە لامپارد دیارترین کەسە بۆ شوێنگرتنەوەی ساری ڕاهێنەر لە یانەی چێلسی، ئەگەرچی ماوەیەک باس لە ڕافاییل بینیتزیش دەکرا بەڵام لامپارد دیارترینیان بۆ وەرگرتنی ئەم ئەرکە لە یانەی چێلسی، بەپێی ئەو پێگەیەش لامپاردی تەمەن 40ساڵ پێشتر ڕایگەیاندبوو کە بڕوایەکی تەواوی بەخۆی هەیە کە بتوانێت ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی چێلسی بەسەرکەوتووی ڕاپەڕێنێت.

مان یونایتد داوای راکیتیچ دەکات

بەگوێرەی ئەو هەواڵەی دێلی مێلی بەریتانی بڵاویکردیتەوە، بەرپرسانی یانەی مانچستەر یونایتد بیر لەوە دەکەنەوە کە ئیڤان ڕاکیتیچی یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە ببەنە ڕیزەکانیانەوە.

سۆلسکایەری نەرویژی و ڕاهێنەری یانە مان یونایتد بەنیازە دوو یاریزانی خاوەن شارەزا بباتە یانەکەی بۆ ئەوەی ڕیزەکانی بۆ وەرزی داهاتوو بەهێز بکات، هەربۆیە ئەو یانە ئیگلیزیە پەیوەندیان بو یانەی بەرشلۆنە کردووە کە نرخی ڕاکیتیچ دیاری بکەن بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆوە بکەن.

چاوەڕوانیش دەکرێت یانەی بەرشلۆنە ڕازی بیت لە فرۆشتنی ڕاکیتیچی تەمەن 31ساڵ ئەویش بەمەبەستی کۆکردنەوەی پارە بۆ کڕینی دی لیخت و گریزمان.



دۆنارۆما پاڵێوراوە بۆ شوێنگرتنەوەی دی خیا

یانەی مانچستەر یونایتد بەدوای ئەوە دەگەڕێت کە شوێنگرەوەیەک بۆ داڤید دی خیای گۆڵچی ئیسپانی بدۆزێتەوە، ڕاپۆرتە هەواڵەکانیش لە ئیتاڵیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە جیانلویجی دۆنارۆمای گۆڵچی میلان دیارترین ئەو گۆلچییەیە بۆ شوینگرتنەوەی دی خیا، بەتایبەتیش دوای ئەوەی یانەکەی ڕایگەیاند کە ڕێگری لێناکات کە ئەگەر ئەو گۆڵچییە یانەکەی جیبهێڵێت.



مارتینیز: ئێستاش کرۆیف سەرچاوەی بەهرەکانمە



لیکی مارتینیزی خانمە یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی هۆڵەندا دووپاتی کردەوە کە ئەو هێشتا سوود لە کاروانی یوهان کرۆیفی ئەفسانەی تۆپی پێی هۆڵەندی وەردەگرێت و ئەو سەرچاوەی ئیلهامیتی بۆ هێنانەدی خەونی بەدەستهێنانی جامی جیهانی ئافرەتانی 2019ی فەرەنسا.

مارتینیز کە قوتابی ماستەرهی تۆپی پێیە لە پەیمانگای کرۆیف، چەند جارێک نازناوی باشترین یاریزانی ئافرەتی کیشوەری ئەوروپای لە 2017و باشترینی جیهان لە هەمان ساڵ بەدەستهێناوە، ئەو خانمە ئەستێرە تەمەن 26ساڵییە لە لێدوانێکی بۆ فرانس پرێس گوتی: ریزی زۆرم بۆ یۆهان کرۆیف هەیە، گۆڕانکاری زۆری لە بەرشلۆنەدا کردووە و لەهەمان کاتیش زۆر شتی لە هۆڵەندا گۆڕی، ئەوەی ئەو بۆ تۆپی پێی کردووە جێی سەرسورمانە و هەرگیز لەبیر ناکرێت، هەروەها گوتی: ئێمە تیپێکی باهێزمان هەیە و لەتوانامانداە هەیە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین.

ناوبژیوانێکی بەناوبانگ: سواریز نمونەی یاریزانی ئۆرگوایە

سواریز نوێنەرایەتی تایبەتمەندی یاریزانی ئۆرگوایی دەکات کە پەروەشی بردنەوە و جولە و خەمخۆریی تیپەکەیانە، لەمبارەیەوە خۆسیە فیگوێرای ناوبژیوانی بەناوبانگ و مامۆستای پەروەردەی جەشتەیی دەڵێت: سواریز نمونەی یاریزانی ئۆرگواییە، ئەو تایبەتمەندییە سواریز هەیەتی بۆتە مایەی سەرسوڕمانی ئۆرگواییەکان، بەڵام هێشتا لەدەرەوەی ئۆرگوای زۆر بەباشی درک بەو ڕاستییەی سواریز نەکراوە،

ئەو ناوبژیوانە زیاتر دەڵێت: بەچوونی سواریز بۆ بەرشلۆنە دەرفەتیکی زێڕینی بۆ ڕەخسا کە بەهرەی خۆی لەوێ دەربخات، چونکە لە ئینگلتەرا لەبەر ڕەخنەی بەردەوامی میدیاکانی ئەو ولاتە نەیتوانی توانا و لێهاتووی خۆی بەدەربخات.

www.xebat.net
هەینی شەممە 2019/6/13 ژمارە (5767)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

سبەی لەخولی نایابی عێراقدا:

هەولێر لە ئەرکێکی قورسدا رووبەرووی شورتەی پێشەنگ دەبێتەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەرشیفی هەولێر

سبەی لەگەڕی سی وپەکەمی خولی نایابی عێراق لەنێو یاریگای نێو دەوڵەتی شەعب ، یانەی شورتەی پێشەنگ میواندارى لە یانەی هەولێر دەکات، یانەی هەولێر بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان ڕووبەرووی شورتە دەبێتەوە، بێگومان هەولێر لەبەردەم ئەرکێکی قورسدایە بەرانبەر یانەی شورتە، بەهۆی ئەوەی یانەی شورتە لەکۆی 30 یاری 63خاڵی کۆکردۆتەوە و پێشەنگی یانەکانی بەشایستەیی گرتووە، لەبەران بەردا یانەی هەولێریش بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان 39خاڵی هەیەو لەپلەی دەیەمدایە، پاش دەستبەکاربوونی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان یانەی هەولێر لەئاستە خراپەکانی دوور کەوتۆتەوە ، ئێستا یاری لەدوای یاری ئاست وئەنجامێکی بەرز پێشکەش دەکات، بۆیە یاریپەکەی سبەی بۆ هەردوولا گرینگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی یانەی شورتە لەم یاریپەدا هەموو هەولێکی خۆی دەخاتە گەڕ لەنێو شاری بەغدا 3خاڵی یاریپەکەل





یانەی هەولێر بسەنێت و پێشەنگی قایمتر بکات، یانەی هەولێریش بۆ بردنەوەو بەدەستهێنانی 3خاڵی یاریپەکە بەرانبەر شورتە دەجەنگێت، بردنەوەی هەولێر لەشورتە ئەوا کۆی خاڵەکانی دەبێتە 42خاڵ ، چەند هەنگاوێک لەڕێزبەندی خولەکە بەرەو پێش دەهاوێژێت، ئەگەرچی یانەکانی نەفتی جنوب وئەمانەی بەغدا ونەفتی ناوەراست بەیەک دوو خاڵ لەپێش یانەی هەولێرن، بۆیە لەکاتی دۆراندنی ئەو یانانەی کەئاماژەی بۆ کراوە ، ئەوا یانەی هەولێر بەئاسانی هەموو ئەو یانانە دەخاتە ژێر ڕێزبەندی خۆی ،دوای تێپەڕبوونی 30یاری لەخولی تۆپی پێی عێراق، هەر یەک لەیانەکانی شورتە و قوەی جەوییە و کەرخ و زەورا لەپلەکانی یەکەم ودووەم و سێیەم و چوارەمدا دەبیندرێن، بەڵام واپێشبینی دەکرێت یانەی شورتە ئەم وەرزە هیچ یانەیەک ڕکابەری ئەو نەکات و تەنها و تەنها خۆی بالا دەست دەبێت لەبردنەوەی نازناوەکە، شورتە خاوەنی 73خاڵە، یانەکانی ژێر ئەو وەک یانەی زەورا بە 8خاڵ لێی دوورە، ئەستمە یانەی شورتە 3یاری لەسەر یەکدی تووشی شکست بێت، بۆیە هەموو پێشبینیەکان وای بۆدەچن کەشورتە ئەم وەرزە دەبێەوە پاڵەوانی خولی نایابی عێراق، یانەی هەولێریش ئەم وەرزە تەنها چاوی لەپلەکانی سەرەوەیە ، بەپێچەوانەی سالانی ڕابردوو هەولێر تەنها بۆ بردنەوەی نازناوەکە یاری دەکرد، هەموو یانەکانی شاری بەغدا و خواروو عێراق کاتێ کەبەرانبەر یانەی هەولێر یاریپان دەکرد، تەنها هیوایان دەخواز لە 3تا چوار گۆڵیان لێ تۆمار نەکرێت، بەڵام قەیرانی دارایی و نەبوونی ئیمکانیاتێکی تەواو یانەی هەولێر بەرەو ئاقارێکی خراپ برد.

دی یۆنگ: لە یاری کۆتاییدا باش نەبووین



فرانکی دی یۆنگ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی هۆڵەندا گوتی، تیپەکەی دەبێت پەند لە دۆڕان بەرامبەر پورتوگال((0-1گۆڵ، لە یاری کۆتایی خولی نەتەوەکانی ئەوروپا وەرگرێت.

دی یۆنگ، لە میانی لێدوانی بۆ مالپەڕی فەرمی (یویفا) وتی:"هەر تیپێک یاریپەکی کۆتایی ئەنجام بدات، هەوڵ دەدات نازناوەکەی بەدەست بێنێت، بەڵام ئێمە یاریپەکی خراپمان کرد و باش نەبووین". وتیشی:"دەتوانین سوود لەو ئەزموونە وەربگرین، لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا لە ساڵی داهاتوودا، کە هیواخوازین باشترین ئەنجام بەدەست بێنین". لەبارەی وەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزانی لاویش وتی:"پێم باشترە لەگەڵ تیپەکەم نازناو بەدەست بێنم، بەڵام دڵخۆشم بەوە نازناوێکی تاکەکەسیم بەدەستهێنا ، بۆیە بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، هەست بە شانازیی دەکەم". هەروەها وتی:"دەرمانخست دەبێت هەموو ڕێزمان لێبگرن، ئەزموونی زیاترمان لەو خولە بەدەستهێنا ، ئێستاش دەبێت هەوڵی گەیشتن بە کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بدەین". دی یۆنگ لە کۆتاییدا وتی:"لە یاری کۆتاییدا ئاستمان وەکو پێویست نەبوو، من وەکو خۆم باش نەبووم، نەمانتوانی دەرفەتی زۆر بڕەخسێنین، یاریپەکەمان بەرامبەر ئینگلتەرا ئەستەم بوو، بەڵام نابێت ئەوە بکەینە پاساوی دۆڕانەکەمان".

ڕەمزی میرەکانی

ژمارەی هاندەرانی مۆندیالی ئافرەتان لە کەمبوونەوەدایە



ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی ئامادەبووانی جەماوەر لە یاریپەکانی مۆندیالی ئافرەتانی 2019کەم دەبێتەوە کە ئێستا ڕکابەرپیەکانی لە یاریگاکانی فڕەنسا بەڕێوەدەچێت.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخەرانی مۆندیالەکەش لە ڕۆژی دووەمەوە ڕێژەی ئامادەبووانی هاندەران لەکەمبوونەوەدایە، لە یاری کردنەوەی پاڵەوانێتییەکە 45هەزار هاندەر ئامادەببوون، کەچی بۆ ڕۆژی دووەم لە یاریی نێوان ئەڵمانیا و چین ڕێژەکە دابەزی بۆ تەنها 15هەزار کەس، ئێستاش بۆ 10ڕۆژ دەچێت لەگەڵ بەردەوامیی یاریپەکان کەچی ڕێژەکە لە 15هەزارەوە بەرزنەبۆتەوە، تەنانەت لە یاری ئینگلتەرا و سکۆتلەندا تەنها 13هەزار کەس ئامادەبوو، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بۆ یاریپەکی مۆندیال.

شاراپۆڤا لە ڕێگای مایۆرکاوە دەگەڕێتەوە

دوای دابڕانێکی زۆر بەهۆی پێکانەوە، ماریا شاراپۆڤای کچە تێنسزانی ڕووسی بەم نزیکانەوە دەگەڕێتەوە و بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی تێنس دەکات.

ڕێکخەرانی پاڵەوانێتی مایۆرکای ئیسپانی بۆ تێنس ڕایانگەیاند کە شاراپۆڤا دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری و چاکبونەوەی، بەشداری لە پاڵەوانێتی ناوبراو دەکات، ڕێکخەران ئەوەشیان بڵاوکردەوە کاتێک شاراپۆڤای تەمەن 32ساڵ داوەتنامەی بەشداری کردنی لە پاڵەوانێتی مایۆرکای ئیسپانی پێگەیشتووە گوتویەتی بەخۆشحالیەوە بەشداری لەو پاڵەوانێتییە دەکەم.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 13. Jun. 2019 No: (5767)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



پەرواز حوسێن گورانییەکی بەزمانی عەرەبی بڵاوکردەوە

ترانا زرار: خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ پەرواز حوسێن تازەترین بەرهەمی هونەری خۆی بە زمانی عەرەبی بەناوی " کل المشاعر" بڵاوکردەوە.گۆرانی " کل المشاعر" نوێترین گۆرانی پەروازەکە لە چەنالی تایبەتی خۆی لە یوتیوب بڵاویکردۆتەوە، هۆنراوەی ئەم گۆرانییەی پەرواز حوسێن ، هی حەمید غەریبە ، ئاواز و دابەشکردنیشی ئەحمەد حەدادە، ڕێگا بەرزنجیش کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.پەرواز حوسێن لەسالی ١٩٨٩ لە قەڵادزێ لەدایکبووە، لە نێستادا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە و ژیانی هاوسەری لەگەڵ گۆرانیبێژ گۆران سالح پێکهێناوە و خاوەنی دووکچن بەناوەکانی "گۆنا و گەردەن"، لەسالی ٢٠١٣ بەشداری لە بەرنامەی عەرەب ئایدلی کەنالی mbcدا کرد، توانی تا قۆناغەکانی پێش کۆتای بەردەوام بێت، لە نێستادا خاوەنی چەند کلیپ و بەرهەمێکی تایبەت بە خۆیەتی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

شەماڵ ئەبوزێد سروودی کوردستانێکی بەهێز دەکاتە دیاری سەرۆکایەتی هەرێم و کابینەی نۆی حکومەتی کوردستان



بەرهەم شێخ عزەدین

(شەماڵ ئەبوزێد شێخە) لاوێکی خوێنگەرمی شاری هەولێرە، هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی گەلەکەی وای کردووە بەدڵ وبەگیان کار بۆ پاراستنی ئەم هەرێمە بکات، لەو سۆنگەیەوە و لەخۆشەویستی دوو سەرکردەی لاوی کاریزماو لێهاتووی کوردستان کە بەڕێزان(نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانین) سروودی کوردستانێکی بەهێز دەکاتە دیاری سەرۆکایەتی هەرێم و کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شەماڵ دەربارەی ئەو کارەی تایبەت بەخەبات گوتی: خاک و گەلەکەم لای من لەپێش هەموو شتێکەوەن،دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگری پەیامی نەتەوەی و پاراستنی کوردستانە و وەک بینیمان لەبانگەشەی هەڵبژاردنەکانیش دروشمی کوردستانێکی بەهێزی بەرز کردبووە و دوای ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی لەکورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان بردەوە بۆیەجێ گەیاندنی ئەو دروشمە ،دووبەهێزترین وکاریزماترین کەسیان بۆ بەڕێو بردنی وڵات دیاری کرد منیش وەکو تاکێکی کوردستان بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی بەشتێکی بچووک پشتیوانیان بکەم،ئەویش بەهەم هێنانی سرود بۆسەرۆکایەتی هەرێم وحکومەتی هەرێمی کوردستان، بیۆکەکەک گەلاڵە کردوو پەیوندیم بەهەڵبەستقان (وشیار عەبدولا) کردواویژم بە بەڕێزان (شاخە وان مستەفا) بەڕێوبەری سینەمای هەولێر و (کاک ڕێکان) بەرپرسی ناوچەی هەولێر.بەسوپاسەوە ئەوانیش دە ست خۆشیان لێکردم پشتگیری پرۆژەکەیان کردم. بەڕێز بەڕێوبەری سینەمای هەولێر زۆر هاوکارم بوو، دواتر لەگەڵ هونەرمەند (کەریم گوڵانی) قسەم کرد بەسوپاسەوە گوتی: من لە خزمتدام هەڵبەستەکانم دابەبەڕێزی و بەشێوەیەکی زۆر جوان تۆماری کردن، سرودەکەش لەژێرناوی (کوردستانیکی بە هێز) و میوزیک لەلایەن هەردوو میوزیک ژەن (سەدرەدین بەرزنجی و سە رکوت عزە دین) بووە، ئێستاکارەکانی تەواو بوە ولەزوترین کات دەکەوێتە بەرگوێی هاونیشتمانیانی خۆشەویست.

ئامانجی کۆکردنەوەی مەقام وگۆرانی کوردییە ماڵی بەستە و مەقام دامەزرا

بەرهەم شێخ عزەدین: هونەرمەندی میوزیکژەن نزار زێوێی لەپەڕی تایبەتی خۆی لەتوێژی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: لەهەنگاوێکی نوێدا بەهاوکاری چەند کەسایەتییەکی دڵسۆز و خەمخۆری هونەر دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر خۆشبەختانە توانیمان ماڵێکی دیکەی هونەری دروست بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەهاوکاری دڵسۆزان دەست بکەین بەکۆکردنەوە و نووسینەوە و تۆمار کردنی سەرجەم گۆرانی و مەقامە کوردییەکانی باشوری کوردستان هەموو دڵسۆزێکی بواری هونەری کوردی دەتوانێت پەسەندی ئەم لاپەڕەیە بکەن و لێرەوە ئاگاداری کاروچالاکیەکانی (ماڵی بەستە و مەقام)بن ڕۆڵی هەبێت لەو ئەرکە گرنگەدا.

HOUSE OF POETRY & KEYNOTE

چاپکراوی نوێ

ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟!

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ، کورد و جەنگی سارد

لە 14ی تەمموزی 1958تا 20ی ئازاری 1975

لەم ڕۆژانە کتێبی (ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟! سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ، کورد و جەنگی سارد لە 14ی تەمموزی 1958تا 20ی ئازاری (1975 بە 609لاپەڕە و قەبارەی گەورە، لە نووسینی بریان ڕۆبەرت گیبسن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە شەفیقی حاجی خدر، کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

وەک لە پێشەکیی وەرگێڕدا هاتووە:" ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا دکتۆرانامەیەکی (بریان ڕۆبەرت گیبسن)ـە، لە 30ی نیسانی 2013لە ژێر ناوی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ، عێراق و جەنگی سارد (1975-1958ـە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر نیگل ئاشتۆن لە لەندەنسکوول بۆ ئابووری و زانستە سیاسییەکان- بەشی مێژووی نێودەوڵەتی پێشکەشکراوە و بڕوانامەی دکتۆرای پێوەرگرتووە، پاشان لە 2015کردوویەتییە کتێبێک و چاپی کردووە".

نووسەری کتێب (بریان ڕۆبەرت گیبسن) پێشەکییەکی بۆ چاپی کوردی نووسیوە و دەڵێ:"دکتۆرانامەکەم بەناونیشانی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ، عێراق، کوردەکان و جەنگی سارد) چاوەڕێکردنێکی مێژووییانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە بەرانبەر بە عێراق و کورد لە نێوان شۆڕشی عێراق لە تەمموزی 1958و کۆتایی جەنگی کورد لە ئازاری ."1975



هەروەها (بریان ڕۆبەرت گیبسن) دەڵێ:"وەک تۆێژەرێک لە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق، ویستوومە لە کاریگەریی جەنگی سارد لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا-عێراق بکۆڵمەوە، بەڵام کە لە تۆماری ئەرشیفیم کۆڵییەوە، ئەوە روون و ئاشکرا بوو، کە کورد لە چەقی بازنەی مێژووەکەدا وەستا بوو. ئەوەی شاسەرنجە، ئەم کارە مێژووی کوردان نییە ، بەڵکو لێکدانەوەیە ، ئاخۆ چۆن سیاسەتدارێژەرانی ئەمریکا ڕوانیویانەتە ڕووداوەکان و چۆن ئەو ڕامانەیان باندۆری لەسەر پرۆسەی بڕیاردانیان هەبووە". دەست خۆشی لە وەرگێڕ دەکەین و خەرمان بەردەکەت.

هەڵەبجە.. شۆفێری دەڕاسەیەک لە میانی کارکردندا گۆرانی دەڵێت



سابیر شاسواری، تەمەنی 50 ساڵە و دانیشتووی شاری جوانڕۆیە لە پارێزگای کرماشان ڕۆژئاوای ئێران، ئەو بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەی و بە هۆی خراپی دۆخی ئابووری وڵاتەکەیەوە سنووری بڕیووە و هاتووەتە هەرێمی کوردستان و سەرقاڵی کارکردنە وەک شۆفێری دەڕاسە لە سنووری هەڵەبجە و دەوروبەری.لە ئێستادا وەرزی درووێنەکردنی گەنم و جۆیە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و جووتیاران سەرقاڵی چنینەوەی بەرهەمی دانەوێلەکانیانن.سابیر شاسواری لە میانی کارکردنی لە گوندێکی نزیک شاری هەڵەبجە، سەرەڕای سەختی کارەکەی و گەرمی کەشوهەوا و دەنگی بەرزی دەڕاسەکەی و تەپوتۆزی کای هاڕاوی نێو دەڕاسەکەوە، بەڵام لە سۆزی دەروونەوە گۆرانی دەچڕێت.ئەو لە لێدوانێکیدا گوتی: "من خاوەنی ماڵ و منداڵم و بۆ کارکردن هاتوومەتە ئێرە، کاری شۆفێری دەڕاسە دەکەم بۆ دروێنەکردنی گەنم و جۆ، لەگەڵ کارەکەشمدا زۆربەی کات گۆرانی گۆرانیبێژە ناوارەکانی کورد لەبەر خۆمەوە دەڵێم و بە گۆرانی گوتنەوە کارەکەم بەڕێدەکەم".شاسواری هەروەها گوتی: "گۆرانی گوتنەکەم سۆزێکە لە دەروونمەوە دێت لە دووری خێزان و ماڵ و منداڵەکانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆشم دەنگم خۆشە و لە منداڵییەوە بۆ خۆم گۆرانی دەڵێم".